# پێکهاتە و بنەماکانی گەشەپێدانی پڕۆگرامەکانی خوێندن (توێژینەوەیەکی تیۆری- شیکارییە)

ابراهیم محمد برایم [1]، محمد حسین شوانی [2]

[1,2] بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان - عێراق

## پوختە

پڕۆگرامەکانی خوێندن ئاماژەن بۆ کۆمەڵێك زانیاری، ڕاستی، چەمك و بیرۆکە، کە فێرخوازان بە ئامانجێکی دیاریکراو دەیخوێنن، یاخود کۆی ئەو بابەتانەی خوێندنە کە قوتابخانە پێشکەشی فێرخوازەکانی دەکات بەو ئامانجەی لە کۆتاییی پرۆسەکەدا هەڵگری جۆرێک لە تایبەتمەندی بن. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و لەگەڵ دەرکەوتنی بیرکردنەوەی نوێی پەروەردەیی، ڕەخنەیەکی زۆر ئاراستەی تێروانینی کۆن کرا، لەبارەی کەرەستە و پێویستییەکانی خوێندنەوە کە خواست، ئارەزو، گرنگیدان و پێویستییەکانی فێرخوازی پشتگوێ خستبو، پێیانوابو پڕۆگرامە کۆنەکە لایەنەکانی مەعریفە لێکجیادەکاتەوە و ئامانجە پەروەدەییەکان بەدیناهێنێت، بۆیە تێڕوانینەکان بۆ ڕۆڵی قوتابخانە، فێرخواز و مامۆستا گۆڕانکاریيان بەسەرداهات و تێڕوانینێکی نوێ سەری هەڵدا، پێکهاتەی پڕۆگرامەکانی خوێندن لە کۆی شارەزاییەکاندا دەبینێت کە فێرخواز لەڕێگای چالاکییە فێرکارییەکانەوە بەدەستی دەهێنێت. لێرەوە پێناسەی پڕۆگرامەکانی خوێندنیش گۆڕانی بەسەردا هات؛ بە هەمو ئەو ئەزمون و شارەزاییانەی فێرخوازان دانرا، کە بە ڕێنمایی مامۆستایان بەدەستیان دەهێنن. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (پێکهاتە و بنەماکانی گەشەپێدانی پڕۆگرامەکانی خوێندن)، ئامانجی ڕونکردنەوەی ئەو پێکهاتە و بنەمایانەیە کە پسپۆڕانی بواری پەروەردە و ڕابەرانی پەروەردەیی دەیگرنەبەر، بۆ گەشەپێدانی پڕۆگرامەکانی خوێندن. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی؛ توێژینەوەکە لەڕێگای میتۆدی پەسنی (وەسفی) شیکارییەوە بەو بابەتانەدا چۆتەوە کە کاریان لەسەر پڕۆگرامەکانی خوێندن، پێکهاتە و بنەماکانی گەشەپێدانی پڕۆگرامەکانی خوێندن کردووە. لە کۆتاییدا توێژینەوەکە بەو ئەنجامە گەیشت کە هەریەکە لە ئامانجی فێرکاری، ناوەرۆک، چالاکییەکان و هەڵسەنگاندن گرنگترین پێکهاتەکانی پڕۆگرامەکانی خوێندنن، هەروەکو دەبێت گەشەپێدانی پڕۆگرامەکانی خوێندن لەسەر بنەمای خواستێکی دیاریکراو بێت و پشت بە فەلسەفەیەکی پەروەردەیی و پلانێکی ورد ببەستێت و ڕەچاوی بنەمای دەرونی و کۆمەڵایەتی و ئاراستەیەکی تەواوکاری و گشتگیر بکات و بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆمەڵگاکە لەبەرچاو بگرێت.

**وشە سەرەکییەکان:** گەشەپێدان، پێکهاتە، بنەما، پڕۆگرام، پڕۆگرامەکانی خوێندن.

## پێشەکی

پڕۆگرامەکانی خوێندن بەبنچینەی سەرەکیی پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردنی تاکەکان دادەنرێت و لە ڕێگایەوە فێرخواز فێری زانست و زانیاری و ئەزمون و شارەزاییەکان دەبێت، کە بەپێی تواناکانیان، ڕەفتارەکانیان بەرەو وەرگرتنی ئاستێکی بەرزی هۆشیاری و لێهاتوویی ئاراستەدەکات. پڕۆگرام شێوازێکی ئاسان و ڕونە و بۆ تەواوی بوارەکانی ژیان بەسودە، بەتایبەت بۆ بواری پەروەردە، لەم ڕوانگەیەوە پڕۆگرامەکانی خوێندن ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێك زانیاری و شارەزایی و ئەزمون و چالاکی کە قوتابخانەکان پێشکەشی فێرخوازانی دەکەن بە مەبەستی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری تاکەکان و گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکانی کۆمەڵگا.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە: لە بەشی یەکەمدا ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و پێناسەی چەمکەکان خراونەتەڕو. بەشی دووەمیش تایبەتە بە بابەتی پڕۆگرامەکانی خوێندن، لەوێوە باسی هەریەکە لە سەرەتایەک بۆ پڕۆگرامەکانی خوێندن، پڕۆگرامی خوێندنی کۆن (تەقلیدی) و پڕۆگرامی خوێندنی (نوێ) هاوچەرخ و پێکهاتە و بنەماکانی پڕۆگرامەکانی خوێندن کراوە. بەشی سێیەمیش تایبەتکراوە بە بابەتی سەرەکیی توێژینەوەکە، ئەویش گەشەپێدانی پڕۆگرامەکانی خوێندنە، تێیدا باسی هەریەکە لە گرنگترین هۆکارەکانی گەشەپێدانی پڕۆگرامەکانی خوێندن و بنەماکانی گەشەپێدانی پڕۆگرامەکانی خوێندن کراوە. لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامەکان و ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕو.

## ١. ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە و پێناسەی چەمکەکان:

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ١ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٧ ئادار ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ٨ نیسان ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٠ شوبات ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە
ئیمەیڵی توێژەر: ibrahim.braim@su.edu.krd
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ ابراهیم محمد برایم، محمد حسین شوانی، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp93-103

## ١. ١. ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە:

### ١. ١. ١. گرفتی توێژینەوەکە:

هەر توێژینەوەیەکی زانستی بە گرفتێک دەستپێدەکات، گرفتیش ئەو پرسیارەیە کە توێژەر بەدوای وەڵامەکەیدا دەگەڕێت. لەم ڕوانگەیەوە پرسی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی ئایا پڕۆگرامی خوێندن چییە؟ گرنگترین پێکهاتە و بنەماکانی گەشەپێدانی پڕۆگرامەکانی خوێندن چین؟ هەروەک دەتوانین لەم چەند پرسیارەی خوارەوە بیانخەینەڕوو:

١. ئایا گرنگترین پێکهاتە و بنەماکانی پڕۆگرامەکانی خوێندن چین؟

٢. ئایا گرنگترین بنەماکانی گەشەپێدانی پڕۆگرامەکانی خوێندن چین؟

### ١. ١. ٢. گرنگیی توێژینەوەکە:

بەهۆی ئەو پێشکەوتنە زۆرەی ڕوی لە ژیانی کۆمەڵگای مرۆیی کردووە، بەتایبەتی لە بواری تەکنۆلۆژی، زانستی، کەڵەکەبونی مەعریفە و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی، ئابوری، پەروەردەیی و سیاسییەکان، هەمو ئەمانە وایانکرد شارەزایان و پسپۆڕانی بواری پڕۆگرامەکان هەوڵبدەن جێگرەوەیەکی باشتر و گونجاوتر بۆ ئەو شێوازە تەقلیدییەی پەروەردە و فێرکردن بدۆزنەوە، بەجۆرێک لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەم بگونجێت و هاوشانی گۆڕانکارییەکان بێت و خواستەکانی تاک، گروپ و کۆمەڵگا بەدیبهێنێت. لەژێر کاریگەریی ئەم گۆڕانکارییە زۆرانەی کۆمەڵگای مرۆیی گرتبوەوە پڕۆگرامەکانی خوێندنیش گۆڕانکاریی گەورەیان بەسەرداهات.

لەم ڕوانگەیەوە گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە هەوڵدەدات بەشێوازێکی وردی زانستی لەڕوی تیۆرییەوە شیکاری بابەتێکی گرنگ و پێویست بکات، کە پڕۆگرامەکانی خوێندنە؛ تێدا گرنگترین پێکهاتە و بنەماکانی پڕۆگرامی خوێندن و گرنگترین هۆکار، شێواز و بنەماکانی گەشەپێدانی پڕۆگرامەکانی خوێندن بخاتەڕو. هەروەها پڕۆگرامەکانی خوێندن بەبنچینەی سەرەکیی پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن دادەنرێت و لەڕێگایەوە فێرخواز فێری زانست و زانیاری و ئەزمون و شارەزاییەکان دەبێت، کە بەپێی تواناکانیان، ڕەفتارەکانیان بەرەو وەرگرتنی ئاستێکی بەرزی هۆشیاری و لێهاتویی ئاراستەدەکات، بە مەبەستی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری تاکەکان و گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکانی کۆمەڵگا. خاڵێکی تر، کە گرنگیی ئەم توێژینەوەیە زیاددەکات، کەمیی سەرچاوەیە لەسەر بابەتی پڕۆگرامەکانی خوێندن بە زمانی کوردی، بۆیە ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی زانستی لەم بوارە و خزمەتی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی دەکات.

### ١. ١. ٣. ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

هەر توێژینەوەیەکی زانستی ئامانجی تایبەت بەخۆی هەیە، لەڕوانگەی ئەمەوە دەتوانین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە لە چەند خاڵێکدا بخەینەڕو:

١. دەستنیشانکردنی گرنگترین پێکهاتە و بنەماکانی پڕۆگرامەکانی خوێندن.

٢. خستنەڕوی گرنگترین بنەماکانی گەشەپێدانی پڕۆگرامەکانی خوێندن.

## ١. ٢. پێناسەی چەمکەکان:

### ١. ٢. ١. پڕۆگرامەکانی خوێندن:

پڕۆگرامی خوێندن ئاماژەیە بۆ هەمو ئەو ئەزمون و شارەزاییانەی فێرخواز لەژێر ڕێنمایی مامۆستایانیاندا بەدەستیان دەهێنێت. (Caswell & Campell,1935: 66)

پڕۆگرامی خوێندن کۆی ئەو بابەتانەیە کە فێرخواز فێریاندەبێت و قوتابخانە پلانیان بۆ دادەنێت و ئاراستەیان دەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان. (Tyler, 1981: 79) یاخود دەکرێ بڵێین زنجیرەیەکی پێکەوە بەستراوی بەرهەمەکانی فێرکردن، یان کۆمەڵێك ئەزمونە، فێرخواز، لەژێر چاودێری و سەرپەرشتیی مامۆستایان وەریاندەگرێت. پلانێکە بۆ دابینکردنی کۆمەڵێک دەرفەتی فێربون بۆ تاکەکان، تاکو لەڕێگایەوە پەروەردە بکرێن. کەوایە پلانێکە دەرفەتی خوێندن و فێربون بۆ فێرخوازان فەراهەمدەکات؛ بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان کە سودیان بۆ کۆمەڵگا هەبێت. (Saylor, et al, 1981: 10)

کەواتە پڕۆگرامی خوێندن، سەرجەم ئەو چالاکییانەیە کە قوتابخانە، بەئامانجی دروستکردنی گۆڕانکاری لە ڕەفتاری تاکەکان، پێشکەشی فێرخوازەکانی دەکات، ئەمەش بەپێی فەلسەفە و ئامانجە پەروەردەییەکان هەوڵی بۆ دەدرێت. (Alberty, 1953: 125)

### ١. ٢. ٢. گەشەپێدان:

گەشەپێدان، پڕۆسەیەکی هۆشیارانەی ئامانجداری پلانبۆدارێژراوە، بە مەبەستی گەشەپێدانی بوارێک لە بوارەکانی ژیان، لە کۆتاییدا گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە بونیادی ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەئامانجی پڕکردنەوەی پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا (صبیح، و ابو حلو، ٢٠١٠: ٤٣). هەروەک ئاماژەیە بە گۆڕانکاریی بەدوایەکداهاتو، بەشێوەیەکی زنجیرەیی و ڕێکخراو (صالح، ١٩٩٩: ١٥٩). یاخود بریتییە لەو گۆڕانکارییە ڕیشەییەی، لەبوارە جیاوازەکانی ئابوری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا ڕودەدەن، بە ئامانجی گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنیان، دواجار ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئابوریی دەبێت (لبیب، واخرون، ٢٠٠٤: ٩٠).

کەواتە گەشەپێدان ئاماژەیە بۆ هەوڵ و کۆششێکی پلانبۆدارێژراو، بەمەبەستی ڕێکخستن و گونجاندنی توانا ماددیی و مرۆییەکان لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، بەئامانجی گەیشتن بە ئاستێکی بەرزی بژێوی و ژیانی کۆمەڵایەتی بەگشت لایەنەکانییەوە، وەک (پەروەردە و فێرکردن، تەندروستی و، ...هتد.) دواتر هەوڵدان بۆ گەیشتن بە بەرزترین پلەکانی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی (قادر، ٢٠١٦: ٣٥).

### ١. ٢. ٣. گەشەپێدانی پڕۆگرام:

گەشـەپێدانی پڕۆگرام پڕۆسـەی ڕێنماییکردنی بنەما و سـتانداردەکان و شـێوازەکانی پلاندانانی میتۆدۆلۆژیی پێشـنیازکراوی بەڵگەنامەیەکی پەروەردەیی نوسراوی ئامانجدارە تایبەت بە پڕۆگرامەکانی خوێندن، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی بنەما تایبەتەکانی گەشەپێدان و بەکارهێنانی مۆدێلێک. یاخود گرتنەبەری چەندین ڕێکاری مەبەسـتدارە؛ کە ئامانج لێی هێنانەدیی گۆڕانکاریی چۆنایەتییە لە پێکهاتەکانی پڕۆگرامەکانی خوێـندن، یان بە مەبەسـتی زیادکردنی کاریگەریی پڕۆگرامەکە لە گەیشـتن بە ئامانجەکانی پڕۆگرامەکە بۆ ئەوەی هـاوتەریـب بێـت لەگەڵ ئەو گۆڕانکاری و پێشـهـاتانەی کە لە کۆمەڵگـادا ڕودەدەن، بۆیە دەکرێ گەشەپێدانەکە فراوان و گشتگیر بێ یاخود بەشێوەی قۆناغ و پلەبەنـدی بێـت یانیش دەکرێ گەشـــەپێـدانێکی خێرا و لەناکاو بێـت. هەروەک گەشەپێدانەکە بەمانای نوێکاری دێت، لەژێر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp93-103

دەروونی و ئابوری و زانستییانەی کە خودی کۆمەڵگاکە و سەرجەم کۆمەڵگاکانی جیهانی پێیدا تێدەپەڕێت، بەجۆرێک پرۆگرامەکە ڕەنگدانەوەی لەسەر بارودۆخ و کلتوری کۆمەڵگاکە هەبێت بەشێوازێکی بەردەوام. لەسەر ئەم بنەمایە دەبێت پرۆگرامی پەروەردەیی بخرێتە ژێر پرۆسەیەکی بەردەوامی پێداچونەوە و ڕەخنەگرتن لەژێر ڕۆشنایی پێداویستی و ئەو گۆڕانکاریانەی لە سروشتی مەعریفە لە ئەنجامی توێژینەوە و دۆزینەوە زانستییەکان لە کۆمەڵگادا ڕودەدەن. (عطية، ٢٠١٣: ٢٢٢، ٢٢٣)

### ١. ٣. میتۆدی توێژینەوە:

لە توێژینەوەی زانستیدا میتۆد بە بنچینە و پێویستییەکی گرنگ دادەنرێت، کە توێژەر پێوەی پابەند دەبێت و ئاراستەی دەکات بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ڕاست و دروست سەبارەت بەو بابەتە، دیاردە، یان کێشەیەی توێژینەوەی دەربارە دەکات. هەروەک مەبەست لە میتۆدیش کۆمەڵێک یاسای ڕێکخراوە لە پێناوی گەیشتن بە ڕاستی لە کاردا. یاخود ئەو ڕێگایەیە کە توێژەر لەسەری دەڕوات لە لێکۆڵینەوەی گرفت یاخود دیاردەیەک بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی پەسنیی(وەسفی) شیکاری بەکارهاتووە، تێیدا بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان لەڕێگای میتۆدی پەسنیی شیکارییەوە بەو بابەتانەدا چووەتەوە کە کاریان لەسەر پرۆگرامەکانی خوێندن، پێکهاتە و بنەماکانی گەشەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن کردووە.

## ٢. پرۆگرامەکانی خوێندن:

### ٢. ١. سەرەتایەک بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن:

چەمکی پرۆگرامی خوێندن (Curriculum) لە وشەی لاتینی (Currere) سەرچاوەی گرتووە، ئەویش بەواتای هەمو ئەو ڕوداوگەلانەی لەو فێستیڤاڵ یان پێشبڕکێیانەی کە جارجار بەڕێوەدەچون و ڕوویاندەدا. پاشان لەگەڵ تێپەڕبونی کات ئەمانە گۆڕان بۆ مەرجی پێشبڕکێ، ڕاکردن و خولی ڕاهێنانکردن، هەروەک دواتر ئەم چەمکە بۆ ئاماژەکردن بە خولەکانی خوێندن یان ڕاهێنان بەکاردەهێنرا؛ ئینجا زیاتر بەردەوام بو دواجار بەواتای پلانی خوێندن و ناوەڕۆکی بابەتەکانی خوێندن بەکارهێنرا. (سعادة و ابراهيم، ٢٠١٤: ٢٧) هەروەک لەڕوی چەمکەوە بەمانای مەعریفە یان ناوەڕۆک دێت یاخود ئەو چالاکییە فێرکاریانە دەگرێتەوە، کە ئەم ناوەڕۆکە بە فێرخوازان دەگەیەنێت؛ ئەمەش بەپێی ئەو بارودۆخەی دەوری پرۆگرام و مامۆستا و فێرخوازانی داوە. (محمد، ٢٠١٩: ١). ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ ڕێگا و شێوازێکی ڕون و ئاشکرا و میتۆدێکی وانەبێژی، یاخود بریتییە لەڕێگا و شێوازێکی ڕون و ئاسان، بۆیە دەتوانین بڵێین: پرۆگرام شێوازێکی ئاسان، ڕونە و بەسودە بۆ تەواوی بوارەکانی ژیان، بەتایبەت بۆ بواری پەروەردە، بۆیە پسپۆڕانی ئەم بوارە پێیانوایە پرۆگرامەکانی خوێندن بریتین لە کۆمەڵێك ئەزمون و چالاکی کە قوتابخانەکان پێشکەشی فێرخوازانی دەکەن بە مەبەستی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری تاکەکان و گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکانی کۆمەڵگاکە. (مدكور، ٢٠٠١: ١٣).

هەروەک دەکرێ بڵێین پرۆگرامی خوێندن ئەو ڕێگایەیە کە مامۆستا و فێرخواز دەیگرنەبەر بۆ ئەوەی بگەنە ئامانجە خوازراوەکان، بۆیە ئەگەر پرۆگرامەکە وەکو خۆی پەیڕەو بکرێت، بەئاسانی بە ئامانجە دیاریکراوەکان دەگەین. سەبارەت بە چەمکی پرۆگرامی خوێندن؛ دو تێگەیشتنی باو هەیە، یەکەمیان چەمکی نەریتی یان کۆن، دووەمیان چەمکی مۆدێرن یان هاوچەرخ. ئەمەی خوارەوە ڕونکردنەوەی ئەم دو چەمکەیە.

چەمکی پرۆگرام بەمانا کۆنەکەی (تەقلیدی)، لەسەر لایەنی تیۆری و زارەکی و تاقیکردنەوەکان و هەڵسەنگاندنی ئەو نمرانەی فێرخوازان بەدەستی دەهێنن، وەستاوە، بۆ دەستنیشانکردن و دیاریکردنی ئاستی زانەکی (مەعریفی)ی فێرخوازان. هەرچی چەمکی پرۆگرامە بەواتای هاوچەرخ؛ بریتییە لە کۆمەڵێك ئەزمون و چالاکی و پلان، کە مەبەست لێ ئاسانکردنی شێوازەکانی پەروەردە و فێرکردن و گەشەپێدانە بە تەواوی تواناکانی فێرخوازان (بجري، ٢٠١٢: ١٣، ١٧). کەواتە دەتوانین بڵێین، پرۆگرامی خوێندن بە مانا کۆنەکەی بریتییە لە کەرەستە (پەرتووکە)کانی خوێندن یاخود ئەو چەمك و زانیاری و ڕاستییانەی کە قوتابخانە دەیبەخشێتە فێرخوازان. بەمانا هاوچەرخەکەی بریتییە لە کۆمەڵێك ئەزمون، شارەزایی و چالاکیی پەروەردەیی کە قوتابخانە بۆ فێرخوازانی دەستەبەردەکات، بەمەبەستی هاوکاریکردن و گەشەپێدانی توانا عەقڵی، کۆمەڵایەتی، جەستەیی و مەعریفی و دەرونییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا. (موسی، ٢٠٠٢: ٣١).

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، هەوڵدەدین بەجیا باس لە هەریەکە لە جۆر، شێواز یاخود تێگەیشتنی کۆن و هاوچەرخی پرۆگرامەکانی خوێندن بکەین:

#### ٢. ١. ١. پرۆگرامی خوێندنی کۆن (تەقلیدی):

پرۆگرامی خوێندنی کۆن، زیاتر بە پەروەردەی یۆنانی کۆن کاریگەر بووە، بەجۆرێك باوەڕیان وابووە کە مەعریفە هۆکار و ئامرازێکە بۆ گۆڕینی ڕەفتاری تاکەکان، لە مانا بەرتەسکەکەیدا، پەروەردە لەسەر تیۆرەکانی مەعریفە وەستاوە، ئەمەش بەو واتایە کە زۆربونی زانیاری هۆکارێکە بۆ گەشەکردنی لایەنی عەقڵی و زیرەکیی فێرخوازان. هەروەک پرۆگرامی خوێندنی کۆن زیاتر جەخت لەسەر وەرگرتنی مەعریفە دەکاتەوە، کە تێیدا ڕۆڵی مامۆستا زیاتر گواستنەوە، گەیاندن و شیکردنەوەی زانیارییەکانە و کتێبەکانی خوێندنیش تاکە سەرچاوەی زانیارییەکانن؛ ڕۆڵی فێرخوازیش لە لەبەرکردنی بابەتەکان و بەدەستهێنانی پلەیەکی بەرز لە وانەکان، لەڕێگای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان، کورت دەبێتەوە. (شحاتة، ٢٠٠٣: ١٥).

کەواتە پرۆگرامی خوێندن بە واتا کۆنەکەی، زیاتر جەخت لەسەر زانیارییەکان دەکاتەوە، ئەمەش یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی پرۆگرامەکە؛ بەجۆرێك پرۆسەی فێرکردن پشت بەو زانیارییانە دەبەستێت کە پەیوەندییەکی بەهێزیان بە پەرتوکەکانی قوتابخانەوە هەیە، ئەم پەرتوکانەش بەسەرچاوەی سەرەکیی زانیارییەکانی فێرخوازان دادەنرێن، بۆیە ئەم جۆرە پرۆگرامە پێویستی بە جۆرە مامۆستایانێکە لەبواری بابەتەکانی خوێندن پسپۆڕ بن و بەشێوازێکی گونجاو بتوانن بابەتەکان ڕونبکەنەوە و شیکاریان بکەن، تاوەکو بەشێوازێکی دروست زانیارییەکان بە فێرخوازان بگات. هەروەها ئەم پرۆگرامە پێویستی بەجۆرە فێرخوازێکە بتوانێت بەئاسانی زانیارییەکان وەربگرێت، کەوایە ئەم پرۆگرامە زیاتر پشت بە پەرتوك و ئەو ماددانە دەبەستێت کە دەخوێنرێن و تێیدا چالاکییەکانی ناو قوتابخانە گرنگی و ڕۆڵێکی ئەوتۆیان پێ نادرێت (السيد، واخرون، ٢٠١١: ٢٢، ٢٣). ئەو هۆکارەی وایکردووە ئەم جۆرە پرۆگرامە زیاتر جەخت لەسەر زانیارییەکان و ناوەڕۆکی بابەتەکان بکاتەوە؛ هەوڵدانیەتی بۆ گواستنەوەی کلتوری کۆمەڵگا بۆ نەوە یەکلەدوایەکەکان، ئەو زانیارییانەش بۆ وەرگرتن بەرجەستە و ئامادەکراون و زۆر پێویستییان بە گەڕان و کۆششکردن نییە، چونکە خودی ئەو مادده و زانیارییانە کلتوری کۆمەڵگا لەخۆدەگرن؛ وانە و بابەتەکانیش بەپێی خشتەی ڕۆژانە دابەشکارییان بۆ دەکرێت و لەڕێگای مامۆستاوە بە فێرخوازان

دەگەیەنرێن و دواتر تاقیکردنەوەی ئاستی لەبەرکردن و وەرگرتنیان بۆ دەکرێت. (ابراهیم، ٢٠١١: ٢١). بەپێی ئەم تێڕوانینە پرۆگرامی خوێندنی کۆن بەجۆرێك بووە کە لەچوارچێوەی وانە و بابەتەکانی قوتابخانە دەرنەچوە، لەبەرامبەردا لەسەر فێرخواز پێویستبو ئەو وانە و ماددانە لەبەر بکات؛ کە ئەوکات بە ناوەڕۆکی پرۆسەی فێرکردن دادەنران، لەم ڕوانگەیەوە ئەرکی قوتابخانە تەنها بریتیبووە لە پێشکەشکردنی زانیاریی بە فێرخوازان و تاقیکردنەوەی ئاستی تێگەیشتن و وەرگرتنیان. بۆیە لە تێڕوانینی کۆندا ئەم جۆرە پرۆگرامی خوێندنە پیرۆزی خۆی هەبوە، چونکە ڕۆڵی لە گواستنەوەی کلتوری کۆمەڵگا لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر هەبوە، ئەمەش وایکردووە ئەم تێڕوانینە کۆنەی پرۆگرامی خوێندن کۆمەڵێك خەسڵەتی هەبێت ئەوانیش:

١. جەختکردنەوە لەسەر زانیاری و بابەتەکانی خوێندن.
٢. دەرچون لەتاقیکردنەوەکان ئامانجی سەرەکییە.
٣. کتێبەکان سەرچاوەی سەرەکیی زانیارییەکانن بۆ فێرخوازان.
٤. جەختکردنەوە لەسەر ناوەڕۆک و پشتگوێخستنی ئامانجەکان و هەڵسەنگاندن.
٥. دورخستنەوەی هەمو جۆرە چالاکییەك لە دەرەوەی قوتابخانە.
٦. ڕۆڵی مامۆستا لە گەیاندن و شیکردنەوەی وانەکاندا کورتدەبێتەوە.
٧. مامۆستای سەرکەوتو ئەو مامۆستایەیە بەباشی وانەکان بڵێتەوە و بگەیەنێت.
٨. جەختکردنەوە لەسەر لایەنی عەقڵی و پشتگوێخستنی لایەنەکانی تر.
٩. ڕۆڵی فێرخواز بریتییە لە لەبەرکردن و بیرهاتنەوە.
١٠. تاقیکردنەوەکان زیاتر جەخت لەسەر ژمارە (نمرە)کان دەکاتەوە (عطیة، ٢٠٠٩: ٢٤، ٢٥).

وەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئەم تێڕوانینە زیاتر بە تیۆرە کۆنەکانی بواری پەروەردە کاریگەرە؛ بەوەی زیاتر جەخت لەسەر زانیاری و گەشەپێدانی لایەنی عەقڵیی تاکەکان دەکرێتەوە، کە قوتابخانە لەشێوەی پرۆگرامی خوێندن و کۆمەڵێك وانە پێشکەشی فێرخوازانی دەکات. لەم ڕوانگەیەوە پێشتر وا تەماشای پرۆگرامی خوێندن کراوە بەوەی کۆمەڵێك مەعریفە و ڕاستییە کە فێرخواز لەچوارچێوەی قوتابخانەدا دەیخوێنێت، یان کۆمەڵێك بابەتی تایبەتی بوارگەلێکە قوتابخانە لەچوارچێوەی پۆل و بەپێی قۆناغەکانی خوێندن دەستەبەری دەکات، دیارە ئەم تێڕاونینە بۆ سروشتی چەمکی پرۆگرامی خوێندنی تەقلیدی دەگرێتەوە بۆ شێوازی کۆنی پەروەردە کە باوەڕی وابووە زانیارییەکان سەرچاوەی پەروەردە و فێرکردنن، لەهەمانکاتدا هۆکارێکن بۆ گەشەپێدانی لایەنی عەقڵی و گواستنەوەی کلتور و ئەزمونەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر (مصطفى، ٢٠٠٠: ١٤).

گرنگترین ئەو ڕەخنانەی لە پرۆگرامی کۆن (تەقلیدی)ی خوێندن گیراون:

ئەم شێوازە کۆنەی پرۆگرامەکانی خوێندن ڕوبەڕوی ڕەخنەیەکی زۆر بۆتەوە؛ ئەمەش بەهۆی بەرتەسککردنەوەی بواری پەروەردە و فێرکردن و کورتکردنەوەی تەنها لە چەند بابەتێکی خوێنراوی نێو قوتابخانەکان؛ گرنگترین ئەو ڕەخنانەش بریتین لە:

١. کورتکردنەوەی ئەرکی قوتابخانە تەنها لە گرنگیدان بە لایەنی مەعریفی:

پرۆگرامی تەقلیدیی خوێندن بەشێوەیەکی بەرتەسك جەخت لەسەر لایەنی مەعریفی دەکاتەوە، بە وەرگرتنی بڕێکی دیاریکراوی زانیارییەکان و لەبەرکردنیان لەچوارچێوەی تێگەیشتنێکی سادە و دەرخکردنی بابەتەکان، بەجۆرێک ناگاتە ئاستەکانی بیرکردنەوەی قووڵ، شیکردنەوە، هەڵسەنگاندن و پراکتیزەکردن؛ کە هۆکاری گەشەپێدان بە بوارەکانی بیرکردنەوە وەرگرتنی توانستەکان تاکو هاوشانی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و تەکنۆلۆژییەکان بێت. (السید، واخرون، ٢٠١١: ٢٤).

٢. دورکەوتنەوەی قوتابخانە لە واقیعی کۆمەڵگا:

ئەم جۆرە پرۆگرامە بەجۆرێك کاری کردە سەر قوتابخانە، لە ژیانی ئاسایی و واقیعی لە کۆمەڵگادا دوربکەوێتەوە، چونکە لە تێگەیشتنی تەقلیدی بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن، قوتابخانە تەنها ئامانجی ئەوە بووە کە زانیاریی ناو کتێبەکان بە فێرخوازان بەخشێت؛ تاوەکو فێرخواز فێریان ببێت و دەرخیان بکات، زۆرجار ئەو زانیاری و مەعریفەیەی بە فێرخواز دەدرا زۆر بەکەمی پەیوەندیی بە ژیانی سەردەمییانەی فێرخواز و واقیعی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکە هەبوە، لەبەرئەوەی زۆربەی کات وەرگرتنی زانیارییەکان بەندبووە بەو سەرچاوانەی لە قوتابخانەکاندا خوێنراون، کە ئەمەش وایکردووە قوتابخانە لە ژیانی واقیعیی ڕۆژانەی فێرخواز دابرێت و گۆڕانێکی ئەوتۆ لەلایەنی گەشەی ئەقڵی، بیرکردنەوە، فێربونی لێهاتویی و توانستە نوێیەکان دروست نەکات. (ابراهیم، ٢٠١١: ٢٢).

٣. پشتگوێخشتنی گەشەی گشتگیری فێرخواز:

زیاتر لەچوارچێوەیەکی بەرتەسکدا گرنگی بەلایەنی مەعریفیی تاکەکان دراوە، بەمەش لایەنەکانی تری ژیانی تارادەیەکی زۆر پشتگوێ خستووە؛ وەکو لایەنی جەستەیی و ئاینی و دەرونی و کۆمەڵایەتی.

لەم ڕوانگەیەوە وەکو لە توێژینەوە دەرونییەکان ئاماژەی پێدەکرێت؛ مرۆڤ کاردانەوەی بۆ تەواوی بوارەکانی ژیان هەیە، بەڵام ئەم جۆرە پرۆگرامە بەجەختکردنەوەی زۆر لەسەر سەرچاوەگەلێکی دیاریکراو بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکان؛ وەکو کتێبەکان و پاشان تاقیکردنەوەی فێرخوازان بۆ دیاریکردنی ئاستی تێگەیشتن و لەبەرکردنیان، ئەمەش زۆرجار دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم گەشەی پێویستی سەرجەم بوارەکانی ژیان و فێرخواز لە وەرگرتنی زانیاریی هەمەجۆر و توانست و لێهاتویی لە بوار و لایەنە گرنگەکان بێبەشدەکات، هەروەها تاک لە گەشەی گشتگیری لایەنە جیاوازەکانی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگا بێبەشدەکات. (السید، واخرون، ٢٠١١: ٢٤، ٢٥).

٤. پشتگوێخستنی چالاکییەکان:

لەم جۆرە پرۆگرامەدا بایەخێکی ئەوتۆ بە چالاکییەکانی ناوەوە و دەرەوەی پۆل نادرێت؛ تەنها کۆمەڵێك چالاکیی کەم نەبێت، کە زیاتر چالاکیی تەرفیهی بون، بۆ کاتبەسەربردنی فێرخوازان، کە ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لە پرۆسەی فێرکردندا نەبوە. بۆیە ئەم جۆرە پرۆگرامانە، زۆرجار، فێرخواز توشی بێزارییەکی زۆر دەکات و وای لێدەکات لە هۆڵەکانی خوێندن دوربکەوێتەوە؛ تەنانەت هەندێکجار دەبێتە هۆی وازهێنانی یەکجاری لە قوتابخانە. (السید، واخرون، ٢٠١١: ٢٧).

زۆر ڕەخنەی تر لەم پرۆگرامە گیران؛ لەوانەش:

١. زیاتر پشت بە زانیارییەکان دەبەستێت.
٢. پشت بە کتێب دەبەستێت وەکو تاکە سەرچاوەی بەدەستهێنانی مەعریفە.
٣. ڕەچاونەکردنی بارودۆخی دەرونیی فێرخوازان.
٤. پشتگوێخستنی پێداویستی و حەز و خولیا و تواناکانی فێرخوازان. (ابراهیم، ٢٠١١: ٢٢).

**٢. ١. ٢. پرۆگرامی (نوێ) هاوچەرخی خوێندن:**

بەهۆی ئەو پێشکەوتنە زۆرەی ڕوی لە ژیانی کۆمەڵگای مرۆیی کردووە بەتایبەتی لەبواری تەکنۆلۆژی، زانستی، کەڵەکەبونی مەعریفە و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی، ئابوری، پەروەردەیی و سیاسییەکان. هەمو ئەمانە وایانکرد شارەزایان و پسپۆڕانی بواری پرۆگرامەکان هەوڵبدەن جێگرەوەیەکی باشتر و گونجاوتر بۆ ئەو شێوازە

تەقلیدییەی پەروەردە و فێرکردن بدۆزنەوە، لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەم بگونجێت و هاوشانی گۆڕانکارییەکان بێت؛ خواستەکانی تاك، گروپ و کۆمەڵگا بەدی بهێنێت. لەژێر کاریگەری ئەم گۆڕانکارییە زۆرانەی کۆمەڵگای مرۆیی گرتبووەوە پڕۆگرامەکانی خوێندیش گۆڕانکاریی گەورەیان بەسەرداهات؛ لەشێواز و تێگەیشتنە کۆنەکەی خۆی دەرچو و ڕوکاری سەردەمیانەی بە بەرداکرا، بەوەی پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە ڕوانگە تەقلیدییە کۆنەکە گەشەیکرد بۆ ڕوانگەیەکی سەردەمیانەی گشتگیر و جیهانی کە سەرتاپای ژیانی کۆمەڵگای مرۆیی بگرێتەوە، بە بەکارهێنانی پێشکەوتوترین ئامراز و شێوازی نوێ لە پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردندا. لەم قۆناغە نوێیەدا پڕۆگرامی هاوچەرخ پەرەی پێدرا و قوتابخانە زیاتر بەڕوی ژیانی تاکەکاندا کرایەوە، هەروەک گرنگییەکی زۆر بە چالاکییە فێرکارییەکان و ڕەچاوکردنی جیاوازییە کەسییەکان و گەشەپێدانی بەهرە و توانستەکانی فێرخوازان درا. (تمام، ٢٠٠٠: ١٤).

پڕۆگرامی هاوچەرخی خوێندن بە گشت ئەو چالاکی و ئەزمونانە دەناسرێتەوە کە قوتابخانەکە لە ناوەوە و دەرەوەی قوتابخانە پێشکەشی فێرخوازانی دەکات، هەروەک دەکرێ بە کۆمەڵێک چالاکی و ڕاهێنانی پلانبۆدارێژراو و مەبەستدار پێناسە بکرێت کە لەلایەن قوتابخانەکەوە بۆ فێرخوازان فەراهەمدەکرێت، لەپێناو گەشەپێدانی توانا عەقڵی، جەستەیی، دەرونی، کۆمەڵایەتی و هزرییەکانیان، ئەمەش لەڕێگای کۆمەڵێك چالاکیی فێرکارییەوە، بەئامانجی یارمەتیدانی فێرخوازان بۆ بەدەستهێنانی توانا و لێهاتوییی نوێ و گەشەپێدانی بەهرەکانیان و ڕەچاوکردنی جیاوازییە کەسییەکان، جێبەجێ دەکرێت. هەروەها دەرفەتدان و کردنەوەی بواری فراوانتر لەبەردەم فێرخواز تاوەکو زیاتر سود لە سەرچاوەی زانیارییەکان وەربگرێت (عطية، ٢٠١٣: ٢٧).

هەروەک چەندین پێشکەوتنی تر، کە پەیوەستن بە چەمکی پڕۆگرامەکانی خوێندن و جەختکردنەوە لەسەر خۆپەروەردەکردن، چەندین هۆکار و شێوازی خوێندن و فێربون سەریانهەڵدا. بەواتایەکی تر ئیتر ماوەی خوێندن بەهیچ کات و سنورێکی دیاریکراو نابەسترێتەوە و گشت بوارەکانی ژیانی مرۆیی لە خۆدەگرێت؛ هەتا مرۆڤ زیندو بێت ناتوانێ واز لە فێربون بهێنێت. لێرەدا ئامرازەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (خیزان، قوتابخانە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دەرکەوتنی دامەزراوەی فێرکاریی نوێ، ...هتد)، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە گەشەپێدانی شێوازەکانی پەروەردە، فێرکردن و چاکسازیکردن لە پڕۆگرامەکانی خوێندندا هەبوە. پڕۆگرامی هاوچەرخی خوێندن بەشێوەیەکی گشتی، مەعریفەی پێویست بۆ پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن دابیندەکات، هەروەک گوزارشتە لە کۆمەڵێک مانا و چەمک و پێشکەوتنە فیکری و زانستییەکان، کە تاکەکان لە ئەنجامی هەوڵە دوبارەکانیان بۆ تێگەیشتن لە دیاردەکانی دەوروبەر دەیدەن و ئامرازێکی گرنگە بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا. پڕۆگرامی خوێندن بە مانا فراوانەکەی، ناوەرۆک و پێکهاتەیەکی زۆر و بێسنوری هەیە، بەوەی تەنها لە چوارچێوەی بابەت و کتێبەکانی خوێندندا کورتناکرێتەوە، بەلکو گشتگیر و فراوانترە، تێیدا ئامانجە فێرکارییەکان، ناوەرۆک، شێواز، ڕێگا و ئامرازەکانی پەروەردە و فێرکردن و چالاکیی قوتابخانە و پڕۆسەی هەڵسەنگاندن دەگرێتەوە. (قنديل، ٢٠٠٨: ١٥).

گرنگترین ئەو خەسڵەتانەی پڕۆگرامی هاوچەرخی خوێندن لەخۆیدەگرێت:

١. گرنگیدان بە گەشەی تەواوی لایەنەکانی فێرخوازان لەگەڵ ڕەچاوکردنی حەز و خولیا و ئاراستە و پێداویستییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان، بەمەبەستی ئامادەکردنی تاکەکان تا بتوانن هاوشان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم بگونجێن.

٢. تێیدا ئەزمون و چالاکیی جۆراوجۆر کراوە بەبنەمای پەروەردە و فێرکردن کە لەناوەوە و دەرەوەی قوتابخانە لەژێر سەرپەرشتیی قوتابخانە پراکتیزە دەکرێن.

٣. بایەخدان بە چالاکییە فێرکارییەکان وەکو ئامرازێکی فێرکردن.

٤. بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان قوتابخانە و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، ئامادەکردنی فێرخوازان بۆ خزمەتکردن و ژیانی واقیع لە کۆمەڵگادا.

٥. فراوانکردنی چوارچێوەی ئامانجە فێرکارییەکان تاوەکو ئامانجە سۆزداری و مەعریفی و توانست و لێهاتوییەکان بگرێتەوە، لەپێناوی گەشەپێدان و دروستکردنی هاوسەنگی لە سەرجەم بوارەکانی ژیانی فێرخوازاندا.

٦. فراوانکردنی ڕەهەندەکانی خوێندن تاوەکو هەریەکە لە مامۆستا، فێرخواز و تەواوی کۆمەڵگا بگرێتەوە. (مصطفى، ٢٠٠٠: ١٦، ١٧)

## ٢. ٢. پێکهاتەی پڕۆگرامەکانی خوێندن:

پڕۆگرامەکانی خوێندن کۆمەڵێك پێکهاتەی سەرەکی لەخۆدەگرن، گرنگترینیان بریتین لە:

### ٢. ٢. ١. ئامانجە فێرکارییەکان:

ئامانجەکان نوێنەرایەتیی گرنگترین پێکهاتەی پڕۆگرامەکانی خوێندن دەکەن و لەگەڵ هەر یەکە لە پێکهاتەکانی تری پڕۆگرام وەک ناوەرۆک، چالاکییەکان و هەڵسەنگاندن جۆرێک لە وابەستەیی و پەیوەندییەکی گشتگیر و تەواویان بەیەکەوە هەیە. بۆیە دەستنیشانکردن، داڕشتن و گەشەپێدانی ئامانجانەکان هەنگاوی دەستپێک و سەرەتایە و نوێنەرایەتیی قۆناغی یەکەمی پڕۆسەی دانانی پڕۆگرامەکە دەکات، کە لەلایەن پسپۆڕ و شارەزا و پلاندانەرانی پڕۆگرامەکانی خوێندن دیزاین و ئامادە دەکرێت. بۆ ئەوەی ئەم بابەتە بە وردی ئەنجام بدرێت، پێویستە هەر لەسەرەتاوە ئامانجە فێرکارییەکان و ئاستە جیاوازەکانی دیاری بکرێن، هەروەها پێویستە سەرچاوەکانی وەرگرتنی ئامانجەکانی پڕۆگرام دیاریکراو بن و پەیوەندیداربن بە هەر یەکە لە فێرخواز، بابەتەکان و کۆمەڵگاوە، ئەمەش بەو پێیەی ئامانجە پەروەردەییەکان یان فێرکارییەکان گرنگترین ئاستی ئامانجەکانن لە پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، بۆیە دەبێت چییەتی و گرنگییەکانی دیاری بکرێت، پاشان بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەو تایبەتمەندییانەی خوازراون لە پڕۆگرامەکەدا فەراهەمبکرێن، بۆ ئەمەش دەبێت بەشێوازێکی ورد و بەپێی بنەما زانستییەکان بە پڕۆسەی داڕشتندا تێپەڕێت. لەم ڕوانگەیەوە پسپۆڕ و زانایانی پەروەردە و دەروناسی، بوارەکانی ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان بەسەر سێ بوار و لایەن دابەشدەکەن، کە ئەوانیش بریتیین لە لایەن و بواری مەعریفی (ئەقڵی)، سۆزداری و کارامەیی جوڵەیی و دەرونی جوڵەیی. کەواتە لە پڕۆسەی داڕشتنیدا ئامانجە فێرکارییەکان بەسەر هەر سێ بوارەکەی باسکران دابەشدەکرێن. (سعادة و ابراهيم، ٢٠١٤: ٢١٦).

کەواتە دەکرێت بڵێین، ئامانجی پەروەردە و فێرکردن بریتییە لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی تاکەکان و دروستکردنی گۆڕانکاری و ئاراستەکردنی ڕەفتاری فێرخواز؛ لە ڕێگای پڕۆسەی خوێندن و پڕۆگرامەکانی خوێندنەوە. لێرەدا ئامانجەکان سەرجەم لایەن و بوارەکانی مەعریفی، سۆزداری، کۆمەڵایەتی و دەرونی و توانست و لێهاتویی لەخۆدەگرێت. هەروەک سەرچاوەکانی جۆاروجۆرن و پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە سروشتی فێرخواز، مامۆستا، بابەتەکان، پێشنیازی پسپۆڕان و پلانی کۆمەڵگاوە هەیە، تێیدا پێویستە هەمویان پێکەوە ڕۆڵیان لە دانانی ئامانجەکانی ئەو پڕۆگرامە هەبێت و بەشداریی تێدا بکەن. (ابراهيم، ١٩٩١: ١٦).

### ٢. ٢. ٢. ناوەرۆك:

دیاریکردنی ناوەرۆکی پڕۆگرامەکانی خوێندن بە یەکێک لە پڕۆسە بنەڕەتییەکانی دروستکردن و دانانی پڕۆگرامەکە دادەنرێت و پڕۆسەیەکی ئاڵۆز و سەختیشە. دەکرێ ئەو ئاڵۆزی و سەختییەی لە کاتی دیاریکردن و دانانی ناوەرۆکی پڕۆگرامەکە ڕووبەڕوی پسپۆڕ و دانەرانی پڕۆگرام و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی دەبێتەوە، لەبەر ئەو مەعریفە و زانستە زۆرەی هەیە و پێویستە بۆ پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن دابنرێت، لێرەدا کێشەی هەڵبژاردنی بابەت و مەعریفەکە دروست دەبێت، بۆیە ئەو پرسیارە دروست دەبێت کە چ بابەتێک، وەکو ناوەرۆکی پڕۆگرامەکە، هەڵبژێردرێت و چی هەڵنابژێردرێت؟ پڕۆسەی هەڵبژاردنی بابەتەکان، پێویستی بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی هەیە ، هەروەها بونی خێراییەکی زۆر لە دۆزینەوەی زانیاری و تەکنەلۆژیای مۆدێرن، وا دەکات پڕۆگرامەکەی پێشخۆی ڕووبەڕوی جۆرێک لە سەختی و قورسی ببێتەوە. بۆیە بەهۆی ئەم خێراییە لە دۆزینەوەی زانیارییەکاندا هاوشان لەگەڵ ڕودانی گۆڕانی کۆمەڵایەتییەکاندا؛ بۆیە پێویستە هەمیشە لەژێر ڕۆشنایی واقیع و پێداویستییەکانی کۆمەڵگادا پێداچونەوە بە پڕۆگرامەکانی خوێندنیشدا بکرێت. لەکۆتاییدا هەمەجۆریی لایەنە جیاوازەکانی ناوەرۆك لەڕوی باوەڕی، ڕەوشتی، جەستەیی، ئەقڵی، دەرونی و کۆمەڵایەتییدا، کە هەر لایەنێك چەندین بوار لەخۆدەگرێت و هەر بوارێك چەند تەوەرێك لەخۆدەگرێت، هەروەها هەر بابەتێك تەوەرەی سەرەکی و لاوەکی لە خۆدەگرێت، بۆیە لەبەر ڕەچاوکردنی هەمو ئەو لایەن و بوارەکانی کۆمەلگا؛ لەکاتی دانانی پڕۆگرامەکان، پسپۆڕان ڕووبەڕوی چەندین ئاڵۆزی و سەختی دەبنەوە. (موسی، ٢٠٠٢: ٢٧٧) کەوایە مەبەست لە ناوەرۆک هەمو ئەو بابەتانەن کە پلاندانەرانی پڕۆگرام لە مەعریفە و ئەزمونە سۆزدارییەکان، یان جوڵەییەکان دروستی دەکەن؛ ئەمەش بە ئامانجی گەیشتن بە گەشەی گشتگیر و یەکگرتوی فێرخواز بەپێی ئامانجە پەروەردەییە خوازراوەکان. هەروەک دیاریکردنی ناوەرۆکی پڕۆگرامەکە بەشێوەیەکی خودکاری و بەبێ ئامادەکارییەوە ناکرێت. بۆیە ئەو ئەزمونانەی لە ناوەرۆکی پڕۆگرامەکە دادەنرێن، دەبێت پلانیان بۆ دابنرێت و ئامانجدار بن لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن دابەش و پۆلێن بکرێن. (فرحاوي، ٢٠١٧: ٥٦)

لێرەدا دەکرێت بڵێین، ناوەرۆک هەمو ئەو ئەزمونە فێرکارییانە دەگرێتەوە، کە لەڕێگای کۆمەڵێك پێوەری فێرکارییەوە، بە فێرخواز دەدرێن و دەبێتە هۆی دروستکردنی جۆرێک پەیوەندی لەنێوان خواستەکانی ژیانی، گەشەکردن و پێداویستییەکانی فێرخواز و ژینگە و کۆمەڵگاکەی. بۆیە پێویستە لە پاڵ زانیارییەکانی ناو کتێبەکاندا ئەزمونی ژیانی واقیعی و ڕاستەوخۆ فێری فێرخوازان بکرێت بەوەی گونجاو بێت و پەیوەندیی بە ژیانی ناو کۆمەڵگاکەوە هەبێت، بۆ ئەمەش پشت بە سەرچاوەی هەمەجۆری وەکو گۆڤار و ڕۆژنامە ببەسترێت؛ تاکو فێرخواز بەلایەنی کەمەوە بتوانێت پەرە بە تواناکانی خۆی بدات و شێواز، بەهرە، توانست و لێهاتوییی نوێ فێربێت (شحاتة، ٢٠٠٣: ٢٠).

**٢. ٢. ٣. چالاكییەکان:**

بە هەنگاوی سێیەم لە بنیاتنانی پڕۆگرامەکانی خوێندن دادەنرێت؛ کە بریتییە لە دەستنیشاکردن و ڕێکخستنی چالاکییەکانی پەروەردە و فێرکردن، هەروەک نوێنەرایەتیی سێیەم پێکهاتە لە پێکهاتەکانی پڕۆگرامەکانی خوێندن دەکات. ئەم پێکهاتەیە گرنگییەکی زۆر و ڕۆڵێکی کاریگەری لە پەروەردەکردنی فێرخوازاندا هەیە؛ پڕۆگرام نابێتە پڕۆگرام و پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردنیش بەبێ ئەنجامدانی ئەو چالاکییانەی لە پڕۆگرامەکەدا هاتووە، ڕونادات. لەلایەن مامۆستاوە پلانی بۆ دادەنرێت، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی فێربون و بەدەستهێنانی ئەزمونی پڕۆگرامەکە جێبەجێ بکرێت. چالاكیی فێرکردن و فێربون ئاماژەیە بە هەمو کۆششێکی جەستەیی و هزریی ئامانجدار کە لەلایەن مامۆستا یان فێرخواز یان هەردوکیانەوە ئەنجام دەدرێ، یاخود لەلایەن هەر کەسێک کە لەسەر بانگهێشت و لەژێر چاودێریی قوتابخانەدا ئەنجام دەدرێت، بە مەبەستی خزمەتگەیاندن بە پڕۆسەی پەروەردە و فێربون و بەدەستهێنانی ئامانجەکان ئەنجام دەدەرێت. بەومانایە چالاکییەکان درێژدەبنەوە بۆ چالاکیی تاکەکەسی، گروپی، چالاکیی زارەکی و پراکتیکی، یاخود چالاکییە مەعریفی و عاتیفییەکان، هەروەکو لە لایەکیترەوە ئامانجی سەرەکی لە چالاکییەکان گەشەپێدانە بە توانستی هزری و بیرکردنەوە بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکان. (السر، ٢٠١٨: ١٥١، ١٥٢)

لەم ڕوانگەیەوە چالاکی و شێوازەکانی وانەوتنەوە، وەک پێکهاتەیەکی پڕۆگرامەکان، گرنگییەکی یەکجار زۆریان هەیە، بۆیە دەتوانین بڵێین پڕۆگرام دو ئاستی هەیە، کەیەکێکیان ئاستی پلاندانانە و ئەوی دیکەیان ئاستی کارپێکردن و جێبەجێکرنیەتی. مەبەست لە ئاستی پلاندانان ئەوەیە، کە مامەڵەکردن لەگەڵ پڕۆگرامەکە لە چوارچێوەی توانست و کارامەیی و پسپۆڕیی پلاندارێژەرانی پڕۆگرامەکە دایە. هەروەها مەبەست لە ئاستی جێبەجێکردن، کۆی ئەو بارودۆخە پەروەردەییانەیە کە مامۆستا و فێرخوازەکانی تێیدا بەشدارن لە جێبەجێکردنی بەپێی ئامانجە دیاریکراو و تایبەتەکانی پڕۆگرامەکە؛ بەجۆرێک کە پشت بە کۆمەڵێک شێواز و ستراتیژ ببەستێت، بە مەبەستی گەیاندنی بیرۆکە و زانیارییەکان بە فێرخواز. (فرحاوي، ٢٠١٧: ٥٩)

کەواتە دەتوانین بڵێین، مامۆستایان لەکاتی وانەبێژیدا کۆمەڵێك شێواز و ڕێگای جۆراوجۆر بەکاردەهێنن بۆ وتنەوەی وانەکان و گەیاندنی زانیارییەکان بە فێرخوازان، تاوەکو بتوانن لەڕێگایەوە ئامانجە پەروەردەییەکان بهێننەدی، لەو شێوازانەش وەکو بەکارهێنانی ئامێرەکانی کۆمپیوتەر و داتاشۆ و وێنە و دەنگ و ڤیدیۆ و مۆبایل و ئایپاد، ...هتد. هەروەها پشتبەستن بە کار و چالاکییە فێرکاریەکان لەناوەوە و دەرەوەی پۆل. هەروەک کۆمەڵێك ئەدای زمانی و نازمانی و جولەیی لە خۆدەگرێت کە مامۆستا لەگەڵ فێرخواز بەکاردەهێت، تاوەکو بەهۆیانەوە ڕەفتاری ئەرێنی و خوازراو لە فێرخواز دروست بکرێت و ڕوبدات، بۆ ئەمەش مامۆستا بەوپەڕی دڵسۆزی و نەرمونیانی وانەکان دەڵێتەوە، تاوەکو جۆرێک لە ئاسودەیی و خۆشی لای فێرخوازان دروستبێ و وایان لێ بکات ئارەزوی وانەکان بکەن و بێزار نەبن و بەشدارییەکی کارا لە وانەکاندا بکەن.

**٢. ٢. ٤. هەڵسەنگاندن:**

ئەمەش بریتییە لە پڕۆسەی بڕیاردان لەسەر ئەو ئاست و ئەنجامانەی بەدەستهاتوون، یاخود دەستنیشانکردنی کەموکوڕی و پێداویستییەکان و چارەسەری کێشە و گرفتەکان. لێرەدا مامۆستا لەژێر ڕۆشنایی ئەو بابەت و وانانەی پێشکەشی کردووە، بڕیار لەسەر ئاستی فێرخواز دەدات، تاکو بتوانێت لەگەڵ ئاستی خوێندنی هاوپۆلەکانی تری بەراوردی پێبکات. هەروەها مەبەست لە دەستنیشانکردنی ئاستی فێرخواز و دیاریکردنی نمرەکان، هەڵسەنگاندنە نەك سزادانی فێرخوازەکە، بۆیە پێویستە بۆ هەر فێرخوازێك کاتی تایبەت بەخۆی هەبێت؛ تاوەکو مامۆستا بتوانێت بەهۆیەوە بڕیار لەسەر گەشەی لایەنەکانی ئەکادیمی و دەرونی و لێهاتوییی، ...هتد. بدات. لەگەڵ ئەوەشدا بەشداری بە دایك و باوکانی فێرخوازان بکات لە ڕێکخستنەوەی ڕەفتاری منداڵەکانیان. هەوەک پێویستە هەڵسەنگاندن بەردەوام و گشتگیر بێت. (شحاتة، ٢٠٠٣: ٢١).

### ٢. ٣. بنەماكانی پرۆگرامی خوێندن:

پرۆگرامی خوێندن خاوەنی كۆمەڵێك بنەمای ســەرەكییە، كە دەبێت لە كاتی دانان و بونیادنانی هەر پرۆگرامێكی پەروەردەیی لەبەرچاوبگیرێن. لەم ڕوانگەیەوە پسپۆڕان و پلاندانەرانی بونیادنانی پرۆگرامەكانی خوێندن هاوڕا و كۆكن لەسەر ئەوەی، پێویستە هەر پرۆگرامێكی پەروەردەیی چوار بنەمای سەرەكی لەخۆبگرێت؛ كە بریتین لەهەریەكە لە بنەماكانی (فەلسەفی، كۆمەڵایەتی، دەرونی و مەعریفی). لە خوارەوەدا هەوڵدەدەین بەجیا باس لەهەریەكەیان بكەین:

### ٢. ٣. ١. بنەمای فەلسەفی:

فەلسەفە بە چەقی بنیادنانی پرۆگرامەكانی خوێندن دادەنرێت، فەلسەفەی هەر قوتابخانەیەک و دەستەی بەڕێوەبەرانی بەشێوازێكی بنجینەیی كاریگەرییان لەسەر ئامانج، ناوەرۆک و ڕێكخستنی پرۆگرامەكانی خوێندن دەبێت. بەگشتی قوتابخانەیەک دەكەوێتە ژێر كاریگەریی چەندین فەلسەفە. بۆیە ئەم هەمەجۆرییە داینامیكیەتی پرۆگرامەكە بەرزدەكاتەوە. خوێندن و تێگەیشتن لە فەلسەفە ڕێگامان پێدەدات نەک هەر تەنها باشتر لە قوتابخانەكان و پرۆگرامەكانیان تێبگەین، بەڵكو یارمەتیدەریش دەبێت تاوەكو باشتر لە بیروباوەڕ و بەها كەسییەكانی خۆمان تێبگەین.

پرسە فەلسەفییەكان هەمیشە كاریگەرییان لەسەر پرۆسەی پەروەردە و فێركردن و قوتابخانە و كۆمەڵگاكان هەبوە. هەروەک ئەرک و ڕۆڵی قوتابخانەش لە كۆمەڵگا هاوچەرخەكاندا لە گۆڕانكاری بەردەوامدایە. هەمیشە پێویستییەكی تایبەت هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی بەردەوامی فەلسەفەی پەروەردە لە كۆمەڵگاكە. ویلیام ڤان تیل پێیوایە، "فەلسەفەی قوتابخانە و كۆمەڵگا سەرچاوەی ئاراستەكردنی گوفتار و ڕەفتارمانە (واتە ئەوە خودی فەلسەفەیە كۆمەڵگاكەیە كە لە ژیان ئاراستەمان دەكات) (Van Til, 1965: 18.)

كەوایە بەڕێژەیەكی زۆر ئەوە فەلسەفەی پەروەردەییە؛ كە بڕیار و بژاردە و گۆڕاوە (ئەڵتەرناتیڤە)كانی بواری پەروەردەییمان دیاری دەكات. فەلسەفە یارمەتیدەر دەبێ بۆ پسپۆڕانی بواری پەروەردە و بەتایبەتی پسپۆڕانی بواری دانانی پرۆگرامەكان؛ كە شێوازێک یاخود چوارچێوەیەک بۆ ڕێكخستنی پۆل و قوتابخانەكان دابین دەكات. یارمەتییان دەدات بۆئەوەی بزانن كە ئامانجی قوتابخانەكە چییە، چ بابەتێک بایەخدار و گرنگە، فێرخواز چۆن فێردەبێت، پێویستە چ میتۆد و ئامرازێک بەكاربهێنرێت. هەروەكو لە خودی بنەمای فەلسەفی هەریەكە لە پرۆسەی فێركردن و فێربون و ئامانجەكانی پەروەردە، ناوەرۆكی گونجاو، ئەو ئەزمون و چالاكییانەی كە پێویستە قوتابخانەكان جەختی لەسەر بكەنەوە، ڕوندەكاتەوە. هەروەها فەلسەفە یارمەتیدەرە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی كام كتێب بۆ خوێندن بەكاربهێنرێت، چۆن بەكاربهێنرێت و چۆن و چەند ئەركی ماڵەوە بە فێرخواز بدرێت و بۆ دیاری بكرێت، چۆن فێرخوازان تاقیكردنەوە ئەنجام بدەن و چۆنچۆنی ئەنجامی تاقیكردنەوەكان بەكاربهێنرێن، ...هتد. (Hunkins, and Ornstein, 2016: 47) دەتوانرێت ئەركی فەلسەفە وەكو خاڵی دەستپێک لە گەشەپێدانی پرۆگرام یاخود ئەركێكی پەیوەندیدار بە ئەركەكانی دیكە لە گەشەپێدانی پرۆگرامەكانی خوێندن بیری لێبكرێتەوە. هەروەكو جۆن دیوی پێیوایە دەكرێت فەلسەفە وەكو تیۆرێكی گشتیی پەروەردە پێناسە بكرێت و ئەركی فەلسەفە بریتییە لە داینكردنی چوارچێوەیەک بۆ ئامانج و شێوازەكانی قوتابخانەكان، بۆیە لای دیوی فەلسەفە ڕێگا و شێوازێكە بۆ بیركردنەوە كە مانا بە ژیانمان دەبەخشێت. تەنها خاڵی دەستپێک نییە بۆ قوتابخانەكان، بەڵكو بۆ هەمو چالاكییەكانی پرۆگرامەكانی خوێندن پێویست و گرنگە؛ كەوایە پەروەردە ئەو شوێنە یاخود تاقیگەیەیە كە جیاوازییە فەلسەفییەكان تێیدا بەرجەستەدەكرێن و تاقیدەكرێنەوە. (Dewey, 1916: 383, 384)

لەچوارچێوەی ئەو پرۆگرامەی كە ڕاڵف تایلەر پێشەكەشی كرد، تێیدا فەلسەفە یەكێكە لەو پێنج پێوەرە سەرەكییانەی كە لە هەڵبژاردنی ئامانجە پەروەردەییەكاندا بەكاردەهێنرێت، ئەوانیش پەیوەندییەكانی نێوان فەلسەفە و پێوەرەكانی دیكە (توێژینەوەكردن لەسەر فێرخوازان، ژیانی هاوچەرخ، پێشنیارەكانی پسپۆڕانی بابەتەكان، و دەرونناسیی فێربون). لێرەدا پێدەچێت تایلەر لەژێر كاریگەریی جۆن دیویدابێت، بۆ گەشەپێدانی ئامانجە پەروەردەییەكان زیاتر گرنگیی بە پێوەر یاخود بنەمای فەلسەفی داوە، بە بەراورد بە پێوەرەكانی دیكە. هەروەک تایلەر وایدەبینێت ئەو فەلسەفە پەروەردەیی و كۆمەڵایەتییەی كە قوتابخانەكە پێیەوە پابەندە دەتوانرێت وەک بەرچاوڕونییەک بۆ گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی لە كۆمەڵگادا بەكاربهێنرێت، كە ئەمەش بەم شێوەیە پوخت دەكاتەوە و دەڵێ فەلسەفە هەوڵدەدات سروشتی ژیانێكی باش و كۆمەڵگایەكی باش دیاری بكات" هەروەک فەلسەفەی پەروەردەیی لە كۆمەڵگایەكی دیموكراسیدا لە قوتابخانەدا زۆر جەخت لە بەها دیموكراتییەكان بكەنەوە. (Tyler, 1949: 33-34)

كەوایە بنەمای فەلسەفی ڕێكخستنێكی هزرییە، كە بەهۆی گەڕان بەدوای مەعریفەوە سەرهەڵدەدات، جا فەلسەفە بە گشت تێڕوانینە جیاوازەكانییەوە جۆرێك مەعریفە دەبارەی بون و گەردون سەرجەم بابەتەكانی ژیان پێشكەش دەكات، كە ئەمەش كاریگەریی لەسەر بیروباوەڕی ئەو كەسانە دەبێت كە ڕۆڵ لە داڕشتنی پرۆگرامەكانی خوێندندا دەگێڕن؛ جا ئەو كاریگەرییە ئەرێنی یاخود نەرێنی بێت. لە بنەمای فەلسەفیدا بایەخێكی زۆر بە لایەنی عەقڵی و مەعریفیی تاک دەدرێت؛ لەبەر ئەوەی مەعریفە ڕێگا و ئامرازێكی گرنگ و كاریگەرە بۆ بونیادنانی تاک لە كۆمەڵگادا، بۆیە لایەنگرانی ئەم بنەمایە گرنگییەكی زۆر بە فێركردن و گەشەپێدانی مەعریفی و كلتوریی كۆمەڵگای مرۆیی دەدەن. لێرەدا بنەمای فەلسەفی هەم لەلایەنی تیۆرییەوە كاریگەریی لە پرسەكانی وەكو خوێندن، لەبەركردن و بیرهاتنەوە هەیە، هەمیش لەلایەنی كرداری (مەیدانی) یەوە كاریگەریی هەیە؛ ئەمانیش وەكو چالاكییەكان و گرنگیدان بەحەز و خولیا و پێداویستییەكانی فێرخوازان، تاوەكو توانا شاراوەكانیان بدۆزنەوە و ئاسانتر بتوانن بە ئامانجەكانیان بگەن، هەروەها لەلایەنی مەیدانییەوە، كاریگەریی لەسەر بەستنەوەی وانە (بابەتە)كانی پرۆگرامەكانی خوێندن بە واقیعی كۆمەڵگا و هەلومەرجەكانی ژیانەوە هەیە.

### ٢. ٣. ٢. بنەمای كۆمەڵایەتی:

لەهەر گفتوگۆكردنێک سەبارەت بە پرۆگرامەكانی خوێندن پێویستە ڕەچاوی ژینگەی كۆمەڵایەتیی كۆمەڵگاكە بكرێت، بە تایبەت ڕەچاوكردنی پەیوەندیی نێوان قوتابخانەكان و كۆمەڵگا و هەروەها ئەو پەیوەندییە چۆن كاریگەریی لەسەر بڕیارەكانی پرۆگرامەكانی خوێندنەكە دروست دەكات. بۆیە شارەزایی و تێگەیشتنێكی تەواو لە واقیعی كۆمەڵایەتیی كۆمەڵگاكە بۆ پلاندانەر و گەشەپێدەرانی پرۆگرامەكانی خوێندن زۆر پێویست و گرنگە. بڕیارەكانی پرۆگرامەكانی خوێندن لە واقیع و ژینگەیەكی كۆمەڵایەتیی ئاڵۆزدا بەرهەمدێن، ئەمەش لە ڕێگای ئەو داواكارییانەی كە كۆمەڵگا دەیەوێت و دەیسەپێنێت لەناو پرۆگرامەكانی خوێندندا جێگیر دەكرێن. (Hunkins, and Ornstein, 2016: 151) هەروەک لە ڕێگای پەروەردە و ڕێكخستنی ئەزمونەكانی فێرخوازان بەشێوەیەكی ڕاست و دروست، كە ئەمەش وادەكات كۆمەڵگا بەردەوام بێت و گەشەی زیاتر بكات؛ هەروەک ئەزمون دەبێ بەشێوازێكی دروست ئاراستە بكرێت، چونكە كاریگەریی لەسەر دروستبونی ئاراستەی ئارەزو و ئامانجەكان هەیە، ئەمەش ئەركی پەروەردەكارانە، بەتایبەتی ئەوانەی لە هەڵبژاردن و دانانی بابەتەكان

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp93-103

بەرپرسیارن، بەوەی بڕیار بدەن کامە ناوەڕۆک و چالاکی (ئەوەی دیوی پێی دەڵێت ئەزموونەکان) گەشەی کەسی و کۆمەڵایەتیی تاکەکان بەرز دەکاتەوە و دەبێتە هۆی زیاتری گەشەی کۆمەڵگا. (Dewey, 1938: 39-40) هەرچەندە زۆربەمان چەمکی پەروەردە بە هاوواتای خوێندنی قوتابخانە دادەنێین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت لە کۆمەڵگایەکی بێقوتابخانەش لە ڕێگای خێزانەوە یان ڕێوڕەسم و ڕاهێنانی تایبەتەوە تاکەکان پەروەردە دەکرێن. بەوماناییەی پرۆسەی پەروەردەکردن تەنها بە قوتابخانەوە تایبەت نییە، گەرچی قوتابخانە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە پرۆسەی پەروەردەکردنی تاکەکان لە کۆمەڵگادا. (Allan and Daniel, 2008: 325)

لەم ڕوانگەیەوە قوتابخانە کاریگەرییەکی زۆری لە پرۆسەی پەروەردەکردنی تاکەکان لە هەر کۆمەڵگایەکدا هەیە، بەتایبەت لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا. بۆیە پلاندانەرانی پرۆگرامەکانی خوێندن بە دیاریکردنی ناوەڕۆک، چالاکییەکان و ژینگەی پەروەردەیی، بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ ڕۆڵێکی سەرەکی لە بەکۆمەڵایەتیکردن و بونیادنانی کەسایەتیی فێرخوازاندا دەگێڕن. هەروەک تێگەیشتن لە بنەمای کۆمەڵایەتیی پرۆگرامەکانی خوێندن زۆر گرنگە، چونکە گشت بنەماکان هەمیشە کاریگەریی زۆریان لەسەر بڕیارەکانی قوتابخانە و پرۆگرامەکانی خوێندن هەبوە و دەبێت، بۆیە تێگەیشتن لە بیروباوەڕ، پێکهاتە و واقیعی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا بەگشتی یارمەتیدەری پسپۆڕانی دانانی پرۆگرامەکانی خوێندن دەبێت، تاوەکو بتوانن ئەو بابەت و ناوەڕۆک و مەعریفەیە بۆ فێرخوازان، کە بۆ ئێستا و داهاتو گونجاوە، دەستنیشان بکەن. لەهەمانکاتدا چ ڕەهەند و بوارێکی کۆمەڵگا پێویستیی زیاتری بە گرنگیپێدان و گەشەپێدانە دیاری بکەن. بۆ ئەمەش پسۆڕانی بواری پرۆگرام دەبێ کۆمەڵناس و مێژوناس و توێژەرێکی باشی شیکەرەوەی واقیعی ئێستا و ئایندەناسێکی بەتوانا بن. بۆیە ئەو پسپۆڕانەی لە دانان و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن و بەڕێوەبردنی پرۆگرامەکانی خوێندندا بەشدارن، دەبێ لە نوێترین تیۆرییە کۆمەڵایەتی و تیۆرەکانی گەشەپێدان شارەزا بن، هەروەک دەبێ لە سروشتی خێزان لە هەردو قۆناغی مۆدێرنە و پۆستمۆدێرنە تێبگەن؛ تاکو بتوانن چارەسەری ئەو ئاڵنگارییانەی بەردەم پەروەردەی کەسی و ڕەوشتی تاکەکانی کۆمەڵگا بکەن. لەم ڕوانگەیەوە تێگەیشتن و شیکردنەوەی بنەما کۆمەڵایەتییەکانی پرۆگرامەکانی خوێندن ڕێگا بە پسپۆڕانی بواری پرۆگرام و پەروەردەکاران دەدات تاکو بەباشی بتوانن ئەو ڕۆڵە بێشومارانە کە مامۆستا و قوتابخانەکان دەیگێڕن، دیاری بکەن. (Hunkins, and Ornstein, 2016: 171)

کەواتە ئەم بنەمایە ڕۆڵێکی گەورەی لە ئاشکراکردنی لایەنی کۆمەڵایەتی و کلتوریدا هەیە، لە دانانی پرۆگرامەکانی خوێندندا، پێویستە جەخت لەسەر بەها کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانی کۆمەڵگاکە بکرێتەوە. لێرەدا پرۆگرامی خوێندن ڕەچاوی تەواوی لایەنی کۆمەڵایەتی و کلتوریی فێرخوازان دەکات؛ وەکو دابونەریت، بەها و ئاراستە و بیروباوەڕ و زمان، ... هتد. ئەمەش تاوەکو لە ژیانی فێرخوازدا ڕەنگبداتەوە و پەرەی پێبدرێت و هۆکارێك بێت بۆ پێشخستنی کۆمەڵگاکەی، پاشان گواستنەوەی ئەم سەروەت و سامانە کۆمەڵایەتی و کلتورییانە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.

لەم ڕوانگەیەوە، زۆر پێویست و گرنگە لە کاتی دانان و دارشتنی پرۆگرامەکانی خوێندندا، ڕەچاوی بەها کلتوری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاکە بکرێت؛ تاوەکو لەم ڕێگایەوە سەرجەم بەها جوانەکان لە ناخی ئەندامی کۆمەڵگا بچێنرێت و پاڵپشتی بەهێزی بکرێت، چونکە هەمو ئەمانەی باسکران وادەکەن پرۆگرامەکانی خوێندن پەیوەندیی زیاتریان بە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگاکەوە هەبێت، تاوەکو لەو لایەنەوە بتوانرێت گەشە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بدەن و ئاستی ڕۆشنبیریی خۆیانی پێ بەرزبکەنەوە (ابراهیم، ٢٠١١: ٤٥، ٤٦).

**٢. ٣. ٣. بنەمای دەروونی:**

دەروناسی گرنگی بە پرسی چۆنیەتیی فێربونی مرۆڤ دەدات، هەروەک پسپۆڕانی بواری دانانی پرۆگرامەکانی خوێندنیش ئەوە دەپرسن کە چۆن بتوانرێ دەروناسی لە دیزاینکردن و پێشکەشکردنی پرۆگرامەکانی خوێندندا، هاوبەشیی پێبکرێ؟ بە واتایەکی تر، پسپۆڕانی بواری پرۆگرام چۆن بتوانن زیاتر ڕەچاوی لایەنی دەرونی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا بکەن؛ بۆ زیادکردنی ئەگەری فێربونی فێرخوازان. دەروناسی بنەمایەک بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی فێربون و فێرکردن دابین دەکات. لەم ڕوانگەیەوە شارەزابون لە هەردو پرۆسەکە (فێربون و فێرکردن) بۆ پسپۆڕانی بواری پرۆگرامەکان زۆر گرنگن، چونکە پرۆگرامەکە تەنها کاتێک بەها و نرخی دەبێت کە فێرخواز زانیارییەکانی ناو پرۆگرامەکە بەباشی تێبگات و وەریان بگرێت. هەروەک چەند پرسیارێک هەن کە جێگەی سەرنجی دەروناسان و پسپۆڕانی بواری پرۆگرامەکانی خوێندنن؛ ئەوانیش وەکو ئەوەی ئەزمونە کلتورییەکان چۆن کاریگەرییان لەسەر فێربونی فێرخوازان هەیە؟ پرۆگرامەکانی خوێندن چۆن ڕێکبخرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی فێربون؟ کولتوری قوتابخانە چ کاریگەرییەکی لەسەر فێربونی فێرخوازان هەیە؟ ئاستی داواکاو و گونجاوی بەشداریکردنی فێرخوازان بۆ فێربونی ناوەڕۆکە جۆراوجۆرەکانی پرۆگرامەکان خوێندن چەندە؟ (Hunkins, and Ornstein, 2016: 112, 113)

پەروەردە بریتییە لە پرۆسەی بونیاتنانی کەسایەتیی تاک و پێدانی سیفەتی کۆمەڵایەتی و دەروونی، تاوەکو تاکەکان بتوانن خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگا بگونجێنن. لەم ڕوانگەیەوە پرۆگرامەکانی خوێندن زیاتر جەخت لەسەر لایەنی دەرونیی تاکەکان و کۆمەڵگا دەکەنەوە، بۆ ئەمەش ئەم ڕۆڵە لە قوتابخانەوە لە پەروەردەکردنی منداڵ و ڕاهێنانیان و گەشەپێدانی لایەنی دەرونی و کۆمەڵایەتییان دەست پێدەکات، تاوەکو نەوەیەکی تەندروستیان لێ بەرهەم بێت، کە ئەمەش پشت بە تێگەیشتن لە حەز، ئارەزو، خواست و پێویستی و کێشەکانییان دەبەستێت؛ لەپێناو گەیشتن بە ئامانجە خوارزاوەکانی پەروەردە و فێرکردندا، ئەگەرنا، بە پێچەوانەوە ڕەنگە تەواوی پرۆسەکە توشی شکست ببێتەوە. بۆیە ئامانجی ئەم بنەمایە گرنگیدانە بەلایەنی دەرونیی تاکەکان و خەسڵەتە جیاوازەکانیان، کە بە بنەمایەکی سەرەکیی پەرەسەندنی پرۆگرامەکانی خوێندن دادەنرێت، کەوایە پێویستە لەسەر لایەنی پەیوەندیدار لەکاتی دارشتنی پرۆگرامەکانی خوێندن ڕەچاوی پێداویستی و لایەنی دەرونیی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا بکەن. (مصطفی، ٢٠٠٠: ٥٧، ٥٨).

لەم ڕوانگەیەوە بنەمای دەرونی بە دو لایەنی سەرەکییەوە پەیوەندیدارە، یەکەمیان: تایبەتمەندیی فێرخوازان و داواکاری و پێداویستییەکانی گەشەکردنیان، دووەمیان: ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن هەیە. کەوایە پرۆگرامەکان لە پلاندانان و بنیاتنان و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنیاندا، لەسەر بنەماکانی گەشەکردن و تیۆرییەکانی فێربون و گەشەکردن دامەزراون، کە هاوتەریب بێ لەگەڵ تایبەتمەندی و سیفەتە بایۆلۆژی و دەرونییەکانی تاکەکان و لەگەڵ پێداویستییەکانی قۆناغەکانی گەشەکردندا بگونجێت. لەم ڕوانگەیەوە، تیۆرەکانی دەروناسیی گەشە گرنگی بە گەشەی تاک دەدات، لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانیدا، هەروەها تیۆرەکانی فێربون کە جەخت لەسەر چۆنیەتیی فێربونی تاک دەکەنەوە، کاریگەریی زۆر و بەرچاویان لەسەر دانانی پرۆگرامەکان هەیە. (السر، ٢٠١٨: ٦٤)

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp93-103

### ٢. ٣. ٤. بنەمای مەعریفی:

لە دەیەی شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە، جەختکردنەوە لەسەر بنەمای مەعریفی وەک بنەمایەك لە بنەماکانی دانانی پرۆگرامەکانی خوێندن زۆر بووە. پێش ئەمە پرۆسەی فێربون و سروشتی کۆمەڵگا تەنیا وەک بنەمای پلاندانان و بنیادنانی پرۆگرامی خوێندن دادەنرا، دواتر بنەمای مەعریفی بو بەیەکێک لە بنەما گرنگەکانی پرۆگرامەکانی خوێندن و بەرەوپێشبردنی، بەتایبەتی لە هەڵبژاردن و دارشتنی ناوەرۆکی پرۆگرامەکە؛ هەروەک دواتر بڵاوبونەوەی رێژەیەکی زۆری مەعریفە؛ پێویستی دەکرد پرۆگرامەکانی خوێندنیش هاوشانی ئەو پێشکەوتنە زۆرەی مەعریفە و زانیارییەکان بێت، بۆ ئەمەش پێویستی بە فراوانکردن و چاکسازیکردن هەبو لەو بابەتانەی دەخوێندران لە پرۆگرامانی خوێندندا، بە مەبەستی دروستکردنی جۆرێک لە هاوسەنگیی مەعریفی لای فێرخواز. بنەمای مەعریفی واتە ئەو پێکهاتانەی کە پەیوەندییان بە سروشت و تایبەتمەندی و سەرچاوە و بوارەکانی مەعریفەی مرۆڤەوە هەیە. ئەمەش کاریگەریی لەسەر دەستنیشانکردن و رێکخستنی مەعریفە هەیە، بۆیە نوێنەرایەتیی بنەمایەکی سەرەکیی پرۆگرام دەکات. مەعریفەش بەرئەنجامی هەوڵەکانی مرۆڤە لەرێگای بەکارهێنانی شێوازە جیاوازەکانی بیرکردنەوە، بۆ رونکردنەوەی دیاردە جۆراوجۆرەکان، جا دیاردەکان سروشتی، کۆمەڵایەتی، دەرونی، ئابوری، یاخود سیاسی بن. هەروەک مرۆڤ بەشێواز و قۆناغی جیاوازی بیرکردنەوەدا تێپەریوە، لە ئەزمونکردن و هەڵەکردنەوە بۆ تێبینیکردن و شێوازی بیرکردنەوەی زانستی و توێژینەوەی زانستی. کەوایە مرۆڤ لەرێگای توێژینەوەی زانستی و بەکارهێنانی میتۆدۆلۆژیای رێکخراو، هەوڵی تێگەیشتن و پێشبینیکردن و لێکدانەوەی دیاردە و رووداوەکانی داوە. (السر، ٢٠١٨: ٨٣، ٨٤).

## ٣. گەشەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن:

لە قۆناغە سەرەتاییەکانی پرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵاندا، زیاتر گرنگی بە گەشەپێدانی زانیاری لە هەریەکە لەبواری رۆشەنبیری و بیرکاری دراوە؛ ئەمەش بەمەبەستی بەخشینی کارامەیی پێویست و ئامادەکردنی تاکەکان تاوەکو لە داهاتودا ببنە ئەندامی چالاک و بەرهەمدار لە کۆمەڵگادا. هەرچەندە کەم کەس هەیە دژی خستنەرووی کارامەییەکانی خوێندنەوە و نوسین و بیرکاری لە پرۆگرامی قوتابخانەکاندا بێت، لەگەڵ ئەوەشدا لێهاتوییە کۆمەڵایەتی و سۆزدارییەکان تادێت وەک پێویست بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردەکردن دەناسرێنەوە؛ بەها و گرنگیی زیاتریان پێدەدرێت. (Kattington, 2010: 465)

لەژێر رۆشنایی ئەو گۆڕانکاری و گەشەکردنانەی، کە گشت بوارەکانی ژیانی مرۆڤ بەخۆیەوە بینیویەتی، پرۆسەی گەشەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندنی کردۆتە یەکێک لە ئامراز و پێداویستییەکانی گونجان و هاوشانبون لەگەڵ کۆمەڵگای مۆدێرن، لەبەرئەوەی پەروەردە لە بنەڕەتدا ئامرازێکی گرنگ و کاریگەری کۆمەڵگایە بۆ پێگەیاندن و ئامادەکردنی تاکەکان، تاوەکو بەشێوەیەکی هاوسەنگ و دروست بتوانن لەگەڵ هەمو گۆڕانکارییەکدا بگونجێن و روبەڕوی دیاردە و کێشە نوێیەکانی ناو کۆمەڵگا ببنەوە. بەو پێیەی پرۆگرامی خوێندن ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کۆمەڵگا، بۆیە ناکرێت و نابێت کە پرۆگرامەکە بەشێوەیەکی نەگۆڕ و جێگیر بمێنێتەوە و هیچ گۆڕانکارییەک و گەشەپێدانێک بەخۆیەوە نەبینێت و نەگونجێنرێت لەگەڵ پێداویستییە سەردەمییەکانی کۆمەڵگا، لەم روانگەیەوە گەشەپێدانی پرۆگرامەکە دەبێتە پێویستییەکی حەتمی و گرنگ بۆ گۆڕانکاریکردن و پرۆسەی گەشەپێدانی بەردەوام لە ناوەرۆک و ئامراز و چالاکییەکانی پرۆگرامی پەروەردەییدا، تاوەکو هاوشان لەگەڵ ئامانجەکانی کۆمەڵگاکە رێبکات. (عطية، ٢٠١٣: ٢٢١)

کەواتە دەتوانین بڵێین، گەشەپێدانی پرۆگرام پرۆسەی رێنماییکردن و پەیڕەوکردنی بنەما ستانداردەکان و شێوازەکانی پلاندانانی میتۆدۆلۆژیی پێشنیارکراوی بەڵگەنامەیەکی پەروەردەیی نوسراوی ئامانجدارە تایبەت بە پرۆگرامەکانی خوێندن، ئەمەش بە رەچاوکردنی بنەما تایبەتەکانی گەشەپێدان و بەکارهێنانی مۆدێلێک. یاخود گرتنەبەری چەندین رێکاری مەبەستدارە؛ کە ئامانج لێی هێنانەدیی گۆڕانکاریی چۆنایەتییە لە پێکهاتەی پرۆگرامەکانی خوێندن، یان بە مەبەستی زیادکردنی کاریگەریی پرۆگرامەکە لە گەیشتن بە ئامانجەکانی پرۆگرامەکە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو گۆڕانکاری و پێشهاتانەی کە لە کۆمەڵگادا رودەدەن هاوتەریب بێت. دەکرێ گەشەپێدانەکە فراوان و گشتگیر بێ یاخود بەشێوەی قۆناغ و پلەبەندی بێت، یانیش دەکرێ گەشەپێدانێکی خێرا و لەناکاو بێت. هەروەک گەشەپێدانەکە بەمانای نوێکاری دێت، لەژێر رۆشنایی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و دەرونی و ئابوری و زانستییانەی کە خودی کۆمەڵگاکە و سەرجەم کۆمەڵگاکانی جیهانی پێیدا تێدەپەڕێت، بەجۆرێک کە پرۆگرامەکە رەنگدانەوەی لەسەر بارودۆخ و کلتوری کۆمەڵگاکە هەبێت بەشێوازێکی بەردەوام. لەسەر ئەم بنەمایە دەبێت پرۆگرامی پەروەردەیی بخرێتە ژێر پرۆسەیەکی بەردەوامی پێداچونەوە و رەخنەگرتن، لەژێر رۆشنایی پێداویستی و ئەو گۆڕانکاریانەی لە سروشتی مەعریفە لە ئەنجامی توێژینەوە و دۆزینەوە زانستییەکان لە کۆمەڵگادا رودەدەن. (عطية، ٢٠١٣: ٢٢٢، ٢٢٣)

لە کۆنەوە پرۆگرامەکانی خوێندن زیاتر ئەو زانیاری، راستی، چەمك و بیرۆکانەی لە خۆگرتبو؛ کە فێرخوازان لە چوارچێوەی بابەت و کتێبەکانی ناو قوتابخانە دەیانخوێند و ناوی لێنرابو بابەتەکانی خوێندن، بەڵام لەگەڵ رودانی گۆڕانکارییەکان و پێشکەوتنی بوارەکانی ژیان، پرۆگرامەکانی خوێندنیش بەشێکی ئەو گۆڕنکارییانەی گرتەوە و لە جۆر، شێواز و رێبازەکانی گۆڕانکارییان بەسەرداهات؛ بەجۆرێك چەندین پرۆگرامی هاوچەرخ سەریانهەڵدا، کە هەریەکەیان پشتی بە کۆمەڵێك بنەما و پرەنسیپی تایبەت دەبەست و دواجار بونە هۆی گەشەپێدانێکی زۆر بە قۆناغ و ئاستەکانی خوێندن؛ بەوەی لەچوارچێوە تەقلیدی و کۆنەکەی گەشەیکرد بۆ ئاستێکی باشتر و هاوچەرخ، بەجۆرێك پرۆگرامەکانی خوێندن رزگاریان بو لە چوارچێوەی کتێبەکانی ناو قوتابخانە بۆ بەکارهێنانی سەرچاوەکانی تری زانیاری و بونی چالاکییەکان و بەشداریکردنی زیاتری فێرخوازان لە پرۆسەکانی پەروەردە و فێرکردن، بەکارهێنانی شێواز و هۆکارە پێشکەوتووەکانی خوێندن و وانەبێژی، هەمو ئەمانەش لەژێر رۆشنایی ئەو پێشکەوتنە گەورانەی لەبواری تەکنۆلۆژیا رویاندا.

### ٣. ١. گرنگترین هۆکارەکانی گەشەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن:

١. پەرەسەندنی زانست و کەڵەکەبونی مەعریفەیەکی زۆر، وای پێویستکرد کە جۆرێک گۆڕانکاری لە پرۆگرامەکانی خوێندندا بکرێت، تاوەکو هاوشانی ئەو زانیارییانە بێت.

٢. لاوازی و بونی کەموکورییەکی زۆر لە پرۆگرامە کۆنەکانی خوێندن.

٣. زۆری و دورودرێژیی پرۆگرام و بابەت و وانەکانی خوێندن، بە جۆرێک بو تارادەیەک ئاستی بیرکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشە، رێکخستن و ئەزمونەکانی لاواز کردبو.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp93-103

٤. ڕودانی جۆرێک گۆڕانکاری لە بونیادی کۆمەڵگا، وەک گۆڕانکاریی ئابوری و پەرەسەندنی هێزە ئابورییە نوێیەکان.

٥. لاوازیی پرۆگرامەکانی خوێندن لە دروستکردنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا.

٦. پێشـــکەوتنی بوارەکانی تـەکنۆلۆژیا و دەرکـەوتنی ئـامرازی یاریـدەدەر و خێرا لە گەیاندنی زانیارییەکان بەکەمترین و کات وتێچوون.

٧. بەهۆی پێشـــکەوتنی زانســـتی و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، ئابوری و ســـیاسی لە کۆمەڵگای مرۆیی ڕویدا، پێویســـتیکرد پرۆگرامەکانی خوێندنیش گەشـــەی تەواویان پێبدرێت.

٨. پرۆگرامەکانی پێگەیاندن و ئامادەکردنی مامۆسـتایان لە ئاسـتێکی ئەوتۆدا نەبون کە هاوشانی خواستەکانی سەردەم بێت.

٩. پرۆســـەی هەڵســـەنگاندن تەنها لەســـەر لەبەرکردن و بیرهاتنەوەی زانیارییەکان وەستابو، جۆراوجۆرییەکی ئەوتۆ لەم پرۆسەیەدا نەبو.

١٠. دەرکەوتنی پلان و ســتراتیژیەتی نوێ، پێویســتبو ڕەچاوبکرێن لەکاتی ئامادەکردن و داڕشتنی پرۆگرامەکانی خوێندندا. (محمود، ٢٠٠٩: ٦٢، ٦٣).

### ٣. ٢. بنەماکانی گەشەپێدانی پرۆگرامی هاوچەرخ:

دوای گەشـــەکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن لە قۆناغێکی ســـەرەتاییەوە بۆ قۆناغێکی هاوچەرخ و پێشـکەوتوتر، کە دواتر پێی نایە قۆناغێکی ترەوە، ئەویش گەشـەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندنە، هەروەک ئەم گەشـەپێدانەش لەخۆوە نییە و ڕونادات، بەڵکو پشـت بە کۆمەڵێك ڕێسـاو بنەمای زانسـتی دەبەسـتێت تاوەکو وا بکات پرۆسـەکە بەشێوازێکی ڕێکخراو و زانستیانە بەڕێوەبچێت. گرنگترین ئەو بنەمایاش بریتیین لە:

١. دەبێت لەســـەر خواســـتێکی دیاریکراو بێت؛ ئەمەش لە ڕێگای توێژینەوەی زانستییەوە دیاریکرا بێت و لەگەڵ پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا بگونجێت.

٢. پێویســـتە پشـــت بە فەلســـەفەیەکی پەروەردەیی جێگیر ببەســـتێت، کە لەگەڵ هەلومەرجەکانی پرۆسەی فێرکردندا بگونجێت.

٣. پێویســتە پشـت بە پلانێکی وردی زانســتی ببەسـتێت و ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

٤. بنەمای ڕێکخستن بەپێی ئاستی گرنگییەکەی.

أ. هۆکارە مرۆیی و مادییەکان.

ب. ژینگەی کۆمەڵایەتی و قوتابخانە.

٥. لە دیاریکردنی خەسـڵەت و پێداویسـتییەکانی فێرخوازان و ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئاراستەکانی سەردەمدا، پشت بە توێژینەوەی زانستی ببەستێت.

٦. پێویستە ڕەچاوی گشت بنەماکانی پرۆگرامی خوێندن بکرێت، لەڕوی فەلسەفی و دەرونی و کۆمەڵایەتی و مەعریفییەوە.

أ. پێویستە هاوشانی ئاراستە جیهانییەکان و کۆمەڵگای مۆدێرن و هاوچەرخ بێت.

ب. پێویســـتە ڕەچاوی بنەمای تەواوکاری و گشـــتگیری بکات و گشـــت ڕەگەزەکان لەخۆبگرێت، وەکو کتێبەکان و هۆکارەکانی فێرکردن و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و شێوازەکانی هەڵسەنگاندن، ...هتد.

ج. پێویســـتە هاوســـەنگی لە نێوان لایەنی تیۆری و پراکتیکیی گەشـــەی جیاوازدا بکات.

د. پێویستە پەیوەندیی بە پێویستییەکانی فێرخوازان و کۆمەڵگا و خواستەکانی پرۆســـەی فێرکردن هـەبێـت و بـەردەوام بێـت و ســـەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان بتوانن بەشـــداریی تێدابکەن. (عطية، ٢٠١٣: ٢٢٦-٢٢٨).

## ٤. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

١. لەبارەی ئامانجی یەکەمی توێژینەوەکە، کە دو بەش بو، یەکەمیان بریتیبو لە دەستنیشانکردنی گرنگترین پێکهاتەکانی پرۆگرامەکانی خوێندن، بۆمان دەرکەوت، کە هەریەکە لە ئامانجی فێرکاری، ناوەرۆک، چالاکییەکان و هەڵسەنگاندن، گرنگترین پێکهاتەکانی پرۆگرامەکانی خوێندنن، هەریەکەیان جۆرێک لە وابەستەیی و پەیوەندییەکی گشتگیر و تەواوکارییان بەیەکەوە هەیە، تێیدا پێویستە سەرچاوەکانی وەرگرتنی ئامانجەکانی پرۆگرام دیاریکراو و پەیوەندیداربن بە هەریەکە لە فێرخواز، بابەتەکان و کۆمەڵگاوە. هەمەجۆریی لایەنە جیاوازەکانی ناوەرۆک لەڕوی باوەڕی، ڕەوشتی، جەستەیی، ئەقڵی، دەرونی و کۆمەڵایەتییدا، کە هەر لایەنێك چەندین بوار لەخۆدەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن دابەش و پۆلێن بکرێن. مامۆستایان لەکاتی وانەبێژیدا کۆمەڵێك شێواز و ڕێگای جۆراوجۆر بەکاردەهێنن بۆ وتنەوەی وانەکان و گەیاندنی زانیارییەکان بە فێرخوازان، تاوەکو بتوانن لەڕێگایەوە ئامانجە پەروەردەییەکان بهێننەدی، ئەمەش لەڕێگای پرۆسەی بڕیاردان لەسەر ئەو ئاست و ئەنجامانەی بەدەستهاتوون، یاخود دەستنیشانکردنی کەموکوڕی و پێداویستییەکان و چارەسەری کێشە و گرفتەکانی.

٢. هەروەها بەشی دووەمی ئامانجی یەکەم کە بریتیبو لە ڕونکردنەوەی گرنگترین بنەماکانی پرۆگرامەکانی خوێندن، بۆمان دەرکەوت، کەوا چوار بنەمای سەرەکی هەن کە دەبێت لە کاتی دانان و بونیادنانی هەر پرۆگرامێکی پەروەردەیی لەبەرچاو بگیرێن، ئەوانیش بنەمای (فەلسەفی، کۆمەڵایەتی، دەرونی و مەعریفی)ین. تێیدا هەریەکە لەم بنەمایانە ڕۆڵ و گرنگیی تایبەت بەخۆیان هەیە، لە کاتی دانانی هەر پرۆگرامێکی پەروەردەیی، دەبێت بەپێی واقیع و بارودۆخی دەرونی و کۆمەڵایەتیی فێرخواز و مامۆستا و بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆمەڵگاکە گشت بنەماکان لەبەرچاوبگیرێن.

٣. لەبارەی ئامانجی دووەمی توێژینەوەکە، کە بریتیبو لە خستنەڕوی گرنگترین بنەماکانی گەشەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن، بۆمان دەرکەوت، کە دەبێت ئەم گەشەپێدانە لەسەر بنەمای خواستێکی دیاریکراو بێت و لەگەڵ پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بگونجێت، تێیدا پشت بە فەلسەفەیەکی پەروەردەیی و پلانی وردی زانستی و توێژینەوەی زانستی ببەستێت و ڕەچاوی گشت بنەماکانی پرۆگرامی خوێندن و بنەمای تەواوکاری و گشتگیری بکات و گشت ڕەگەزەکان لەخۆبگرێت.

٤. یەکێک لە بنەماکانی سەرکەوتنی پەروەردە و فێرکردن لە هەر کۆمەڵگایەکدا، دامەزراندنی سیستەمێکی پەروەردەییە لەسەر بنەمای فەلسەفەیەکی پەروەردەیی ڕون و دیاریکراو، ئەویش بە پشتبەستن بە پرۆگرامێکی ورد و ڕەچاوکردنی گشتگیری و تەواوکاری و ڕەوشی ژیانی فێرخوازەکان و قۆناغی گەشەکردنی کۆمەڵگا و بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆمەڵگاکە.

## ٥. ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوەکە:

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp93-103

١. لەبەر ئەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن بەبنچینەی سەرەکیی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دادەنرێت و لەرێگایەوە فێرخواز فێری زانست و زانیاری و ئەزمون و شارەزاییەکان دەبێت، بۆیە پێشنیاز بۆ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، بەشێوەیەکی زانستیی ورد گرنگی بە سەرجەم بابەتەکانی پرۆگرامەکانی خوێندن بدات، بەجۆرێک کە لەگەڵ رەوتی زانستیی سەردەم و رەوشی کۆمەڵایەتی و پێداویستیی تاکەکان و ئامانجە خوازراوەکانی کۆمەڵگادا بگونجێ.

٢. پێشنیاز دەکەین لە هەرێمی کوردستاندا پەروەردە و فێرکردن لەسەر بنەمای فەلسەفەیەکی پەروەدەیی رون دامەزرێت، رەچاوی بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆمەڵگا بکات و لەگەڵ ژیانی ئەم قۆناغەی فێرخوازاندا گونجاو بێت.

٣. بەهۆی ئەوەی بابەتەکانی پرۆگرامەکانی خوێندن مەرجی سەرەکیی سەرکەوتنی هەر پرۆسەیەکی پەروەردە و فێرکردن و پێگەیاندنی تاکی کارامە و شارەزایە، بۆیە توێژەرانی دوای خۆمان رادەسپێرین بۆ زیاتر توێژینەوەکردن لەسەر پرۆگرامەکانی خوێندن و وردبونەوە لە بابەتەکان لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا، بۆ دەستنیشانکردنی گرنگترین ئامانجەکان و شێوازەکانی گەشەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن بە جۆرێک لەگەڵ پێداویستی، بەرژەوەندی و بەها باڵاکانی کۆمەڵگا بگونجێت.

## ٦. لیستی سەرچاوەکان:


ابراهيم، فاضل خليل، (٢٠١١)، اساسيات في المناهج الدراسية، دار ابن لأثير للطباعة والنشر، جامعة الموصل.

ابراهيم، محمود ابو زيد، (١٩٩١)، *المنهج الدراسي بين التبيعة والتطور*،مركز الكتاب للنشر، ط١.

بحري، منى يونس، (٢٠١٢)، *المنهج التربوي (اسسه وتحليله)*، دار صفاء للنشر والتوزيع، ط١، عمان.

تمام، اسماعيل تمام، (٢٠٠٠)، *افاق جديدة في تطوير مناهج التعليم في ضوء تحديات القرن الحادي والعشرين*، دار الهدى للنشر والتوزيع.

السر، خالد خميس، (٢٠١٨)، *اساسيات المناهج التعليمية*، غزة. https://www.researchgate.net/publication/337389504_ktab_asasyat_almnahj_2019

سعادة، جودت احمد و ابراهيم، عبدالله محمد (٢٠١٤)، *المنهج المدرسي المعاصر*، دار الفكر ناشرون وموزعون، ط٧، عمان.

السيد، ماجدة مصطفى، واخرون، (٢٠١١)، *المناهج ومهارات التدريس*، الدار العربية للنشر والتوزيع، القاهرة.

شحاتة، حسن، (٢٠٠٣)، *المناهج الدراسية بين النظرين والتطبيق*، مكتبة الدار العربية للكتاب، القاهرة، ط٣.

صالح، مصلح احمد (١٩٩٩)، *الشامل قاموس مصطلحات العلوم الاجتماعية*، الرياض، دار عالم الكتب للطباعة والنشر والتوزيع.

صبيح، ماجد حسني و ابو حلو، مسلم فايز (٢٠١٠)، *مدخل إلى التخطيط والتنمية الاجتماعية*، القاهرة، الشركة العربية المتحدة للتسويق والتوريدات.

عطية، محسن علي، (٢٠٠٩)، *المناهج الحديثة وطرائق التدريس*، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان.

عطية، محسن علي، (٢٠١٣)، *المناهج الحديثة وطرائق التدريس*، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان.

فرحاوي، كمال، (٢٠١٧)، *تصميم المناهج التعليمية*، منشورات دار الخلدونية، الجزائر.

قادر، مهدى عباس (٢٠١٦)، *السياسة الاجتماعية*، عمان، دار الحامد للنشر والتوزيع.

قنديل، احمد ابراهيم، (٢٠٠٨)، *المناهج الدراسية الواقع والمستقبل*، مصر العربية للنشر والتوزيع، القاهرة.

لبيب، علي و اخرون (٢٠٠٤)، *قاموس الجغرافيا*، بيروت، الدار العربية للعلوم.

محمد، قرقوز، (٢٠١٩)، محاضرات تصميم وبناء المنهج التربوي، بدون طباعة ومكان طبع.

محمود، شوقي حساني، (٢٠٠٩)، *تطوير المناهج رؤية محاصرة*، المجموعة العربية للتدريب والنشر، القاهرة.

مدكور، علي احمد، (٢٠٠١)، *مناهج التربية: اسسها وتطبيقاتها*، دار الفكر العربي، القاهرة.

مصطفى، صلاح عبدالحميد، (٢٠٠٠)، *المناهج الدراسية عناصرها و اسسها وتطبيقاتها*، دار المريخ للنشر، الرياض.

موسى، فؤاد محمد، (٢٠٠٢)، *المناهج (مفهومها، اسسها، عناصرها، تنظيماتها)*، جامعة المنصورة.

Alberty, H. B. (1953). *Reorganizing the High School Curriculum*. New York, The Macmilan Co. Available from: https://naaee.org/.../environmental-education-materials {Accessed: 6th February 2024}.

Allan, C. Ornstein and Daniel, U. Levine, (2008). *Foundations of Education*, 10th ed. (Boston: Houghton Mifflin), p. 325.

Caswell, Hollis, and Doak, Campell. (1935). *Curriculum Development*. New York. American Book Co.

Dewey, John, (1916). *Democracy and Education* (New York: Macmillan), pp. 186, 383–384.

Dewey, John, (1938). *Experience and Education* (New York: Macmillan), pp. 39–40.

Hunkins, F.P. and Ornstein, A.C., (2016). *Curriculum: Foundations, principles, and issues*. Pearson Education.

Kattington, L.E., (2010). *Handbook of curriculum development*. Nova Science Publishers, Inc.New York. P465)

Saylor, J. Galen, William M. Alexander, and Arthur J. Lewis, (1981). *Curriculum Planning for Better Teaching and Learning,* 4th ed. (New York: Holt, Rinehart and Winston), p. 10.

Tyler, Ralph W., (1949). *Basic Principles of Curriculum and Instruction* (Chicago: University of Chicago Press, pp. 33–34.

Tyler, Ralph W., (1981). *Basic Principles of Curriculum and Instruction*. Chicago. The University of Chicago Press.

Van Til, William, (1965). “In a Climate of Change,” in R. R. Leeper, ed., *Role of Supervisor and Curriculum Director in a Climate of Change* (Washington, DC: ASCD.), p. 18.